# بەشی سێیەم

# ناکۆکییەکانی عێراق و ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان

له بەشەکانی یەکەم و دووەمی ئەم توێژینەوەیە، بنەما یاساییەکانی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانمان خستەڕوو و ئەو بنەمایانەمان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەکرد. لەم بەشەدا، دەمانەوێ باس لە ناکۆکی و شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران بکەین، له بەکارهێنانی ئەم ڕێڕەوە لە ژێر تیشکی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، کە بووەتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی عێراق. هەروا ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ئەم ناکۆکییانە لە نێوان هەردوو وڵاتدا دەخەینەڕوو.

سیاسەتی ئاویی ئێران، لە ڕووی جەوهەرەوە، جیاوازیی لە گەڵ سیاسەتی تورکیا نیە لە ڕووی دروستکردنی بەنداو و کۆگای ئاو و پرۆژە لەسەر لقەکانی ڕووباری دیجلە، کە لەو وڵاتەوە هەڵدەقوڵێن.[1] هەر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە ئێران هەڵساوە بە گرتنەوە و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ڕووبارانەی، کە لەو وڵاتەوە دەڕژێنە ناو عێراق و ژمارەیان دەگاتە (٢٤) ڕووبار وەك، کونجانچەم، گەنگیر، قۆرەتوو، ئەڵوەند، کەرخە، کاروون و...هتد. ئەم سیاسەتەی ئێران هەتا ئێستاش بەردەوامە، بە تایبەت پاشساڵی ١٩٩٠ بووەتە هۆی ئەوەی ڕێژەی ئەو ئاوەی، کە لەو وڵاتەوە دەگاتە عێراق بۆ (٦٠- ٧٠٪) دابەزێ.[2] هەروەها

---

[1] د.عبدالرحمن صالح المزوري، الوزن الجيوبوليتيكي لمياه الانهار في كوردستان، ط ١، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠١٢، ص ٣٣٣.

[2] محمد حمود ابراهيم، سوء ادارة الدولة العراقية للمياه وأثرها على مجتمعات أهوار وأرياف الجنوب، جامعة ذيقار، مركز أبحاث الأهوار، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
www.marshes.thiqaruni.org/stadies/(4).pdf/lastvisited:2/9/2012.

تێبینی دەکرێ، کە ئێران هەندێك پرۆژەی لەسەر ئەو رووبارانە جێبەجێ کردووە و بەردەوامە لەسەر پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێك پرۆژەی دیکە.[٣]

تێکەڵبوونی ناکۆکییە سیاسی و هەرێمییەکان، لە گەڵ بەرژەوەندییە گرنگەکانی پەیوەست بە ئاو لە نێوان دەوڵەتانی هاوبەش لەم ئاوانە، بووەتە هۆی ئەوەی عێراق، لە ئەنجامی پرۆژە ئاوییەکانی ئێران و فەرمانکردن بەم ئاوانە ستەمی لێبکرێت و زیانی پێ بگات.[٤] بۆ زیاتر تیشك خستنەسەر ئەم بابەتە، ئەم بەشە بەسەر سێ باسدا دابەش دەکەین. لە باسی یەکەم، رێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و پیادەکردنی لەسەر رێڕەوی ئاوی سیروان دەخەینەڕوو. لە باسی دووەم، تیشك دەخەینە سەر ناکۆکی و شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەسەر رێڕەوی ئاوی سیروان لە ژێر رۆشنایی رێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی. لە باسی سێیەم و کۆتایی ئاماژە بە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر رێڕەوی ئاوی سیروان دەکەین.

---

[٣] د.صباح محمود محمد، السياسات المائية في الشرق الأوسط، ط ١، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٥٤.

[٤] د.فيصل عبدالفتاح نافع، السياسة المائية لدول الجوار و تأثيرها في مستقبل الموارد المائية للعراق، مجلة دراسات و بحوث الوطن العربي، مركز دراسات و بحوث الوطن العربي، العدد(٢٢)، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٧، ص ٥٦.

## باسی یەکەم

## ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیی ئێران لە بەجێ نەگەیاندنی ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بەرێڕەوی ئاویی سیروان دیاریی بکەین، پێویستە سەرەتا ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بخەینەڕوو و پاشان لەسەر ئەم ڕێڕەوە پیادەیان بکەین. هەربۆیە، ئەم باسە بەسەر دوو مەبەستدا دابەش دەکەین. لە مەبەستی یەکەم، باس لە پێناسە و بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەین و مەبەستی دووەم تەرخان دەکەین بۆ مەرج و ئاسەوارەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.

### مەبەستی یەکەم

### پێناسە و بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

بنەمای بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بووەتە یەکێك لە بنەما سەقامگیرەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە لە بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.[٥] بێگومان، بۆ باسکردن لە ئەحکامەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە سەرەتا ڕێسا سەرەکییەکانی ئەم چەمکە بخەینەڕوو. هەربۆیە، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین. لە لقی یەکەم، باس لە پێناسەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەین و لە لقی دووەم، ئاماژە بە بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەین.

---

[٥] د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٨٠٣- ٨٠٤.

## لقی یەکەم
## پێناسەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

یاسای نێودەوڵەتی چەردەیەك مافو ئەرك لە نێوان سوبێکتە یاساییەکان، وەك دەوڵەتان، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تاکەکان دروست دەکات.(٦) ئەگەر بێت و یەکێك لە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی، سەرپێچی بکات لە هەڵسان بە پابەندییەکەی خۆی، ئەوا لە بەرامبەر ئەم سەرپێچییەدا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ.(٧) لەراستیدا، ئەگەر سەرپێچیکردنی یاسای نێودەوڵەتی، نەبێتە هۆی دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، ئەوا "پابەندیی نێودەوڵەتی" لە واتا یاساییەکەی خۆی دادەماڵرێ و یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئاستی ئەخلاقی نێودەوڵەتی دادەبەزێ.(٨) سەبارەت بە پێناسەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، ئەم زاراوەیەش، بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی یاسای نێودەوڵەتی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

سەرەتای دروستبوونی زاراوەی بەرپرسیارێتی بۆ وشەی (Respondere) دەگەڕێتەوە، کە لە یاسای رۆمانی وەرگیراوە.(٩) پێناسەیەکی یەکگرتوو سەبارەت

(٦) ملکم شاو، حقوق بین الملل، ترجمە: محمد حسین وقار، چ ٢، مؤسسە اطلاعات، تهران، ١٣٧٤ ه.ش (١٩٩٥ ز)، ص ٣٠٩. هەروەها ڤالا فريد ابراهيم، المسؤولية المدنية الدولية عن جريمة الإبادة الجماعية: دراسة تطبيقية على حالة كوردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٤، ص ٥٩.

(٧) د.محمد عزيز شكري، مدخل الى القانون الدولي العام، ب ط، جامعة دمشق، مديرية الكتب الجامعية، دمشق، ١٩٨١- ١٩٨٢، صص١٦٠- ١٦١. هەروەها د.حامد سلطان، المصدر السابق، ص ٢٢١.

(٨) سيد قاسم زمانى و سيد ياسر ضيائى، تعميم نظام بين المللى به بازيگران غيردولتى با تأكيد بر جدايى طلبان، مجله حقوقى بين المللى، مركز امور حقوقى بين المللى رياست جمهورى، تهران، سال بيست وهشتم، شماره (٤٥)، ١٣٩٠ ه.ش (٢٠١١ ز)، ص ٥٤.

(٩) د.غسان الجندي، المسؤولية الدولية، ط ١، مطبعة التوفيق، عمان، ١٩٩٠، صص ٣- ٤.

بە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەئارادا نیە و لەمبارەیەوە فیقهی یاسای نێودەوڵەتی پێناسە و بۆچوونی جیاوازیان هەیە. یاسازان بادڤان(Basdevant) بەجۆرە پێناسەی دەکات: "سیستەمێکی یاساییە، کە بەوپێیە ئەو دەوڵەتەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارێك، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا نارەوایە ئەوا لەسەریەتی قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە، کە بە دەوڵەتی ستەملێکراوی دەگەیەنێت".[١٠] هەروەها یاسازان کلاید ئیگلتۆن بەجۆرە پێناسەی کردووە: " بنەمایەکە ئەو دەوڵەتە پابەند دەکات، کە یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی، کە بەهۆی ئەم پێشێلکارییەوە دروستبووە".[١١] ئەم پێناسانە رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت، کە تەنها دەوڵەتی وەك کەسی یاسای نێودەوڵەتی ناوبردووە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پشتگوێ خستووە، هەربۆیە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی یاسای نێودەوڵەتیدا ناگونجێ.

لە ناو یاسازانانی عەرەب، د.عەبدولکەریم عەلوان بەجۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێ: "پەیوەندییەکی یاساییە، کە دروست دەبێ لە حاڵەتی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییەکی نێودەوڵەتی لە نێوان کەسی یاسای نێودەوڵەتی، کە پابەندییەکەی خۆی بە جێ نەگەیاندووە و کەسێکی دیکەی یاسای نێودەوڵەتی، کە پابەندنەبوونەکە بەرامبەری ئەنجامدراوە".[١٢]

ئەم پێناسەیەی د.عەبدولکەریم عەلوان پەسندترە، چوونکە لە گەڵ پێشکەوتنەکانی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا دەگونجێ و جگە لە ئاماژەکردن بە سروشتی بەرپرسیارێتی، هەموو کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەگرێتەوە، وەك رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یەکێتییە نێودەوڵەتییەکان، رێکخراوە

---

[١٠] وەرگیراوە لە: شارل روسو، المصدر السابق، ص ١٠٦.

[١١] وەرگیراوە لە: هند بن عمار، المسؤولية الدولية عن تخلف التنمية الاقتصادية في الدول النامية، اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق إبن عكنون، جامعة الجزائر (غير منشور)، ٢٠٠٤، ص ٧٥. هەروەها د.رشاد عارف يوسف السيد، المسؤولية الدولية عن اضرار الحروب العربية الاسرائيلية (القسم الأول)، ط ١، دارالفرقان، عمان، ١٩٨٤، ص ٢١.

[١٢] د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام ( الجزء الأول)، ب ط، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٧، ص ٥٢٣.

رزگاریخوازەکان و لە هەندێ حاڵەتدا تاکەکانیش دەگرێتەوە وەك لە دادگاکانی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ بینرا.[(١٣)]

بەپێی تیۆریی کون، راڤەکاران جیاوازییان کردووە لە نێوان دوو جۆر لە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، کە بریتین لە:

یەکەم/ بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی راستەوخۆ: ئەم بەرپرسیارێتییە کاتێك دروست دەبێ، کە دەوڵەت بە شێوەی راستەوخۆ پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی بەجێ نەگەیەنێ. ئەم بەرپرسیارێتییەش شتێکی سروشتییە، چونکە لە راستیدا دەوڵەت بەرپرسە لە دامودەزگا تایبەتییەکان و فەرمانبەران و متمانەپێکراوەکانی خۆی.[(١٤)]

دووەم/ بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ناڕاستەوخۆ: ئەم بەرپرسیارێتییە کاتێك دروست دەبێ، کە دەوڵەتێك بەهۆی پێشێلکردنی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەوڵەتێکیتر دەکەوێتە ئەستۆی و ئەمەش وادەخوازێ، کە پەیوەندییەکی یاسایی تایبەت لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لەئارادا بێ.[(١٥)] ئەم حاڵەتانەش بریتین لە:

١) پارێزگاری (الحماية): دەوڵەتی پارێزەر (الدولة الحامية) بەرپرسە لە هەموو هەڵسوکەوتە ناڕەواکانی دەوڵەتی پارێزراو (الدولة المحمية). ئەم بەرپرسیارێتییەش دەرەنجامی سیستەمی پارێزگارییە، کە دەوڵەتی پارێزەر هەموو لێپرسراوەتییە نێودەوڵەتییەکانی دەکەوێتە ئەستۆ.[(١٦)]

---

(١٣) كمال طيب قادر، المصدر السابق، ص ٩١.

(١٤) شارل روسو، المصدر السابق، ص ١٠٨. هەروەها د.غازي حسن صباريني، المصدر السابق، صص ٣٠١- ٣٠٢. هەروەها د.رشاد عارف يوسف السيد، المصدر السابق، ص ٣٠.

(١٥) د.مهدي جابر، محاضرات مادة القانون الدولي العام التي القاها على طلاب مرحلة البكالوريوس، عام ٢٠٠١- ٢٠٠٢، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، اربيل، صص ٦٠- ٦١. هەروەها فرسەت سۆفی عەلی، پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٦٤. هەروەها ڤالا فريد ابراهيم، المصدر السابق، ص ٧٤.

(١٦) د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٧١. هەروا خلاف بدرالدين، ملخص محاضرات المسؤولية الدولية، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

**٢) دەوڵەتی فیدراڵی (الدولة الاتحادية):** بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە لە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە نارەوا نێودەوڵەتییانەی، کە یەکێك لە هەرێمەکان یا حکومەتە ناوچەییەکان ئەنجامی دەدەن و دەوڵەتی فیدراڵی نوێنەرایەتی ئەو هەرێمانە دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.(١٧)

**٣) ماندێت (الإنتداب):** دەوڵەتی سەرپەرشتیار (منتدب) بەرپرسە لە هەموو هەڵسوکەوتێکی نارەوای نێودەوڵەتی، کە لە لایەن دەوڵەتی ماندێتەوە ئەنجام دەدرێ.

**٤) راسپێردراویی (الوصاية):** ئەو دەوڵەتەی راسپێردراوە بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەتی ملکەچ بۆ سیستەمی راسپێردراویی، بەرپرسە لە لەو زیانانەی، کە لە ژێر سێبەری ئەو سیستەمەدا دروست دەبێ.(١٨)

سەبارەت بە ئێرانیش، چونکە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی تەواوە، ئەوا بەرپرسیارێتی راستەوخۆی دەکەوێتە ئەستۆ، لە بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان و ئەو پێشێلکارییانەی، کە لەم بارەیەوە ئەنجامی دەدات.

---

www.sciencesjuridiques.ahlamontada.net/t723-topic/lastvisited:3/2/2013.

(١٧) د.محمد عزيز شكري، المدخل الى القانون الدولي العام وقت السلم، ط ٢، دارالفكر، دمشق، ١٩٧٣، ص ١٤٩. هەروەها كمال طيب قادر، المصدر السابق، ص ٩٣. هەروەها: J.G.Starke, op.cit.,p.163.

(١٨) د.مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ٦١. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٧٢.

## لقى دووەم

## بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

سەبارەت بە بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی یاسازانان را و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لێرەدا ئاماژە بەو تیۆرییانە دەکەین، کە لەمبارەیەوە خراونەتەڕوو:

**یەکەم/ تیۆریی هاوئەرکی (نظرية التضامن):** بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا، بەرپرسیارێتییەکی بەکۆمەڵ بوو بۆ دوورخستنەوەی کاری زیانبەخش لە ئەندامانی خۆیان، لەسەر بنەمای هاوئەرکیی گریمانەیی (التضامن المفترض) لە نێوان هەموو ئەو تاکانەی، کە کۆمەڵیان پێکدەهێنا. ئەم سیستەمە هەتا کۆتایی سەدە ١٧ لە ئەورووپا باو بوو، بەڵام پاشان بە هۆی گەشەکردنی بازرگانی و پەرەسەندنی پەیوەندیی لە نێوان دەوڵەتان، ئەم سیستەمە وەلانرا، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیی بازرگانەکان و ڕێسای بەرپرسیارێتی کەسی نەدەگونجا.[١٩]

**دووەم/ تیۆریی هەڵە (نظرية الخطأ):** یاسازانی هۆڵەندیی گرۆسیۆس یەکەم کەس بوو، کە چەمکی هەڵەی هێنایە ناو یاسای نێودەوڵەتی. گرۆسیۆس لەوباوەڕەدا بوو، یاسای نێودەوڵەتی دان بەوەدا نانێت، کە تاك لە سەر بنەمای هەڵسوکەوتەکانی بریکاردارەکەی پابەند بێت، بەڵکوو تەنها لەو هەڵەیە بەرپرسە، کە بۆ خۆی ئەنجامی دەدات. کۆمەڵی نێودەوڵەتی (الجماعة الدولية) لەسەر هەڵسوکەوتی هەر یەك لە تاکەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێ، کە هەڵە یا کەمتەرخەمییەکە بدرێتە پاڵ خۆی.[٢٠] بەپێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، ڕەفتاری هەڵەی دەوڵەتێك، کە زیان بە

---

[١٩] د.مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، صص ٦٢- ٦٣. هەروەها خلاف بدرالدين، المصدر السابق. هەروەها د.عبدالملك يونس محمد، المصدر السابق، ص ٧٤.

[٢٠] د.محمد طلعت الغنيمى، الغنيمي الوجيز في قانون السلام، ، ب ط، منشأة المعارف، الإسكندرية، ١٩٧٥، ص ١٤٧.

دەوڵەتێکیتر بگەیەنێت، بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی هەڵەکار (الدولة المخطئة) و پێویستە قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە. بەم پێیە هەر هەڵەیەکی نێودەوڵەتی دەبێتە سەرچاوەی بەرپرسیارێتی.[٢١]

**سێیەم/ تیۆریی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماف (نظرية التعسف في استعمال الحق):** ئەم زاراوەیە، بۆ دانانی کۆتوبەندە لە کاتی بەکارهێنانی ماف لە لایەن کەسێکەوە، کە رەگ و ریشەکەی بۆ یاسای رۆمانی و یاسای فەرەنسی کۆن و شەریعەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە. ئەم زاراوەیە، یەکەمجار لە نووسینەکانی زانای بەلجیکی (لوران) بەکار هات و دەڵێ: بەکارهێنانی ماف رێگای پێنادرێ، تەنها بۆ ئەو شتەی، کە بۆی دانراوە و بەکارهێنانی ماف بە مەبەستی زیان گەیاندن بە کەسێکیتر بە مافی بەکارهێنان لە قەڵەم نادرێ، بەڵکوو بە خراپ بەکارهێنان دادەنرێ.[٢٢] ئەم تیۆرییە، یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدانی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و پێویستە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پراکتیزە بکرێ و لە ژمارەیەك لە بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی داد رەنگی داوەتەوە.[٢٣] سەبارەت بە ریڕەوی ئاویی سیروان، دەتوانین ئەم تیۆرییە بکەینە بنچینە بۆ دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ئێران لە کاتی بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی ئاوی ئەم رێڕەوە، بەجۆرێك، کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە مافەکانی عێراق.

**چوارەم/ تیۆریی کرداری ناڕەوای نێودەوڵەتی (نظرية الفعل الدولي غيرالمشروع):** رابەرانی قوتابخانەی بابەتیانە (المدرسة الموضوعية)، وەك ئەنزیلوتی (Anzilotti) و کاڤالییری (Cavaglieri) پێشڕەو بوون لە داڕشتنی ئەم تیۆرییە. ئەوان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەت، بریتییە لەوەی کردارێکی ناڕەوا بدرێتە

---

[٢١] هند بن عمار، المصدر السابق، ص ٧٨. هەروەها د.رشاد عارف يوسف السيد، المصدر السابق، ص ٤٣.

[٢٢] د.رشاد عارف يوسف السيد، المصدر السابق، صص ٥٧- ٦٣.

[٢٣] د.عبدالملك يونس محمد، المصدر السابق، صص ٩٢- ٩٥.

پاڵ دەوڵەت، کە بەپێی ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ئەنجامدانی ئەو کردارە یا خۆبواردن لە ئەنجامدانی، سەرپێچیکردن بێت لە یەکێك لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکان.[٢٤]

ئەم تیۆرییە، دەتوانێ ببێتە بنچینە بۆ دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ئێران لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان. کاتێك، کە ئێران هەڵدەستێ بە دروستکردنی بەنداو یا گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووباری سیروان، بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت یا ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی ساڵی ١٩٩٧، ئەوا هەڵساوە بە ئەنجامدانی کردارێکی نارەوای نێودەوڵەتی بە پێچەوانەی ڕێککەوتنە ئاماژەپێکراوەکان یا خۆبواردنی لەو پابەندییانەی، کە ئەو ڕێککەوتنانە لەسەری دەسەپێنن.

**پێنجەم/ تیۆریی مەترسی (نظرية المخاطر):** ئەگەر بێت و چالاکییەك لە لایەن کەسێکی نێودەوڵەتییەوە ئەنجام بدرێ و ببێتە هۆی زیان، تەنانەت ئەگەر هیچ هەڵە یا کەمتەرخەمییەکیش ڕووی نەدابێت، ئەوا ئەنجامدەری ئەو چالاکییە بەرپرس دەبێت لەو زیانەی، کە لە ئەنجامی چالاکییەکە دروست دەبێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کردارەکەی پێچەوانەی یاسا بێت یا پێچەوانەی نەبێت. واتە پێویستە ئەم مەرجانە لەئارادا بن: ١) چالاکی، ٢) زیان، ٣) پەیوەندیی هۆکاریی لە نێوان چالاکی و زیان.[٢٥] هەروا ئەگەر ئەو کردارە خۆی لە خۆیدا ڕەوا بێت، بەڵام مەترسییەکی ناوازەی هەبێت و ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە دەوڵەتێکیتر، ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەوڵەتە، بۆ نموونە چالاکی ئەتۆمی یا چالاکی دەرەوەی ئەتمۆسفێر و...هتد، کە خۆی لە خۆیدا ڕەوایە، بەڵام مەترسی و دەرەنجامی وای بەدواوە دەبێت کە سنووری دەوڵەتێکی

---

[٢٤] د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٨٠٨- ٨٠٩.

[٢٥] وليد عايد عوض الرشيدي، المسؤولية المدنية الناشئة عن تلوث البيئة: دراسة مقارنة، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة الشرق الأوسط، عمان، ٢٠١٢، ص ٥٨. هەروەها د.غازي حسن صباريني، المصدر السابق، صص ٣١٣- ٣١٤.

**دیاریکراو تێدەپەڕێنێ.[٢٦] ئەم بەرپرسیارێتییە بە بەرپرسیارێتی بابەتی یا ڕەهاش بەناوبانگە.[٢٧] هەروەها بەندی (٧) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧، بەم تیۆرییەی وەرگرتووە کاتێك، کە باس لە پابەندیی بۆ هۆکارنەبوون بە گەیاندنی زیانی بایەخدار دەکات.[٢٨] سەبارەت بە پیادەکردنی ئەم تیۆرییە لەسەر ڕیڕەوی ئاویی سیروان، دەتوانین بڵێین هەر چالاکییەکی ئێران لەسەر ئەم ڕێڕەوە، ئەگەر ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە عێراق، تەنانەت ئەگەر ئەو چالاکییە ڕەواش بێت و هەڵە و کەمتەرخەمیشی تێدا نەبێت، ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئێران لەو زیانانەی، کە بە عێراقی دەگەیەنێت.**

**پاش خستنەڕووی پێناسە و ئەو تیۆرییانەی، کە بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی پێکدەهێنن بۆمان دەرکەوت، کە جگە لە تیۆریی یەکەم، هەر چوار تیۆرییەکەیتر شیاون بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی جیاوازدا ببنە بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و ناتوانین هیچ کامیان لەوانیتر بە باشتر بزانین، چونکە بواری پیادەکردنی هەر یەکەیان لەویتر جیاوازە و هەر یەکەیان لە هەلومەرجێکی جیاوازدا، دەتوانێ ببێتە بنچینەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی. هەربۆیە، واباشە عێراق تەنها پشت بە یەك تیۆریی دیاریکراو نەبەستێ، چونکە ئەو حاڵەتانەی، کە دەبنە هۆی دروستکردنی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەتوانێ لە کات و شوێنی جیاوازدا گۆڕانیان بەسەردا بێت.**

---

**[٢٦] سهير ابراهيم حاجم الهيتي، المسؤولية الدولية عن الضرر البيئي، ب ط، دار و مؤسسة رسلان، دمشق، ٢٠٠٨، صص ١٨٥- ١٨٦. هەروەها د.مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ٦٤. رياض السندي، المسؤولية الدولية عن انشطة الفضاء الخارجي: دراسة في القانون الدولي، ط ١، مطبعة هاوار، دهوك، ١٩٩٨، ، ص ١٢٦. هەر وەها ربكا والاس، پيشين، ص ٢٥٣.**

**[٢٧] محمد صنيتان الزعبي، المسؤولية الدولية عن الأضرار التي تسببها النفايات النووية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة الشرق الأوسط، عمان، ٢٠٠٩- ٢٠١٠، ص ٧٩.**

**[٢٨] عبدالرضا كاطع حسون، المسؤولية الدولية عن الاستخدام الضار لنهر الفرات من قبل تركيا، مجلة كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة الكوفة، السنة الخامسة، العدد الثالث عشر، الكوفة، ٢٠١٢، ص ٢٢١.**

## مەبەستی دووەم

## مەرج و ئاسەوارەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

لەم مەبەستەدا مەرج و ئاسەوارەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخەینەڕوو، هەربۆیە ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین. لە لقی یەکەم، مەرجەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخەینەڕوو و لقی دووەم تەرخان دەکەین بۆ ئاسەوارەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.

### لقی یەکەم

### مەرجەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

بۆ دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، پێویستە کردارێکی ناڕەوا رووبدات و ئەم کردارە بدرێتەپاڵ دەوڵەت یا کەسی نێودەوڵەتی، هەروەها کەسێکی نێودەوڵەتی دیکەش لە ئەنجامی ئەو کردارە زیانی پێ بگات.[٢٩] بە وتەیەکیتر، سێ مەرجی سەرەکی پێویستە بۆ دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم/ کردارەکە بدرێتە پاڵ دەوڵەت یا سوبێکتێکی نێودەوڵەتی (إسناد):** کاتێك کردارێك دەدرێتە پاڵ دەوڵەت، ئەگەر لە لایەن یەکێك لە دەسەڵاتەکان یا دەستە گشتییەکانیەوە ئەنجامدرابێت و بەجێنەگەیاندنی رێسایەکی یاسای نێودەوڵەتی بێت، ئەگەرچی ئەم کردارە بە پێچەوانەی یاسای ناوخۆییش نەبێت. ئەو دەسەڵاتانەش بە گشتی بریتین لە: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی.[٣٠] سەبارەت بەدانەپاڵ پێنج حاڵەت بەدیدەکرێ، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

---

[٢٩] قصي مصطفى عبدالكريم تيم، مدى فاعلية القانون الدولي الانساني في النزاعات المسلحة الدولية وغير الدولية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، ٢٠١٠، ص ١٢٠. هەروەها رياض السندي، المصدر السابق، ص ٨٦. هەروەها:
Shabtai Rosenne, The Perplexities of Modern International Law, Martinus Nijhoff Publishers, Leiden, 2oo4, p.367.

[٣٠] د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٧٣. هەروەها خلاف بدرالدين، المصدر السابق.

**١) بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە هەڵسوکەوتەکانی دەسەلاتی یاسادانان:** دەوڵەت بەرپرسە لە هەموو کردارێکی نارەوای نێودەوڵەتی، کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێ، چ ئەم هەڵسوکەوتە یا کردارە ئەرێنی بێت، وەك دەرکردنی یاسایەك، کە پێچەوانەی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان بێت، چ نەرێنی بێت، وەك خۆبواردنی دەوڵەت لە دەرکردنی یاسایەك، کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکی نێودەوڵەتی.[٣١] هەروا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی تەنها ئەو یاسایانە ناگرێتەوە، کە لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت، بەڵکوو دەستووریش دەگرێتەوە و بەپێی رێسای باڵادەستیی یاسای نێودەوڵەتی بەسەر یاسای ناوخۆیی، نابێ دەستوور پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی بێت.[٣٢]

بەپێی بەندی (١٧/بڕگە د) لە یاسای بەرنامەی چوارەمی گەشەپێدانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆماری ئیسلامی ئێران (٢٠٠٥-٢٠٠٩) و بەندی (١٤٠/ بڕگە هـ) لە یاسای بەرنامەی پێنجەمی گەشەپێدانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆماری ئیسلامی ئێران (٢٠١١-٢٠١٥)،[٣٣] کە لە لایەن ئەنجومەنی شوورای ئیسلامییەوە (دەسەڵاتی یاسادانانی ئێران) دەرچووە،

---

[٣١] د.سهيل حسين الفتلاوي، الموجز في القانون الدولي العام، ط ١/الإصدار الأول، دارالثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩، ص ٢٠٣. هەروەها د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، المصدر السابق، ص ٥٢٦. هەروەها د.الشافعي محمد بشير، المصدر السابق، ص ٩٠.

[٣٢] د.محمد حافظ غانم، المسؤولية الدولية: دراسة لأحكام القانون الدولي و لتطبيقاتها التي تهم الدول العربية، ب ط، معهد الدراسات العربية العالية، بدون مكان طبع، ١٩٦٢، ص ١٠٣. هەروەها د.مهدي جابر، المصدر السابق، ص ٦٧.

([٣٣]) بەندی (١٧/ب د) لە یاسای بەرنامەی گەشەپێدانی چوارەم لە بەشی یەکەم/ باسی یەکەم/ مەبەستی سێیەمی ئەم توێژینەوە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بەندی(١٤٠/ب هـ) لە یاسای بەرنامەی گەشەپێدانی پێنچەم دەڵێ: "دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەریەتی لە چوارچێوەی بوودجەی ساڵانە تێچووی پێویست بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەدەستهێنان، رێکخستن، گواستنەوە و کەڵك وەرگرتن لە مافی ئاوی وڵات لە رووبارە سنوورییەکان و سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان دابین بکات". بڕوانە بۆ: مجلس شورای اسلامی ایران، قانون برنامه پنجساله توسعه جمهوری اسلامی ایران، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:
.٢٠١٣/٤/١٥ : http://parliran.ir/index.aspx/lastvisited

فەرمان دەدات بە دەسەلاتی جێبەجێکردنی ئەو ولاتە بۆ پەلەکردن لە پڕۆژەکانی وەدەستهێنان، ڕێکخستن، گواستنەوە و کەڵك وەرگرتن لە مافی ئاوی ڕووبارە سنوورییەکان و سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان. دانانی ئەم دوو بەندە لەو یاسایانەی، کە ئاماژەیان پێکرا لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانی ئێران و پابەند کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە گواستنەوەی ئاوی ئەو ڕێڕەوە ئاوییانە، پێچەوانەی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو دەوڵەتەیە، کە لە ڕێککەوتننامەی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥ و نەریتی نێودەوڵەتی و بنەما گشتییەکانی یاسادا هاتووە، هەربۆیە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی ئێران.

**٢) بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە هەڵسوکەوتەکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن:** دەوڵەت بەرپرسە لە هەر پابەند نەبوونێك بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی یا ئەرکە نێودەوڵەتییەکان، کە لە لایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە ئەنجام دەدرێن، جا بەهۆی کردارێکی ئەرێنی بێت یا نەرێنی و گرنگ نیە، کە ئەم کردارانە لە لایەن یاسای ناوخۆییەوە ڕێپێدراوبن یا نا.[٣٤] جیاوازیی نیە ئەگەر کرداری پێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی یا ناوچەیی، فەرمانبەرانی پلەبەرز وەك سەرۆکی دەوڵەت یا فەرمانبەرانی پلەنزم وەك پۆلیس ئەنجام بدرێن و هەروا گرنگ نیە، کە ئەم کردارانە لە سنووری دەسەڵاتەکانیان ئەنجام بدەن یا سنووری دەسەڵاتەکانیان ببەزێنن.[٣٥]

**٣) بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە هەڵسوکەوتەکانی دەسەلاتی دادوەریی:** دەوڵەت بەرپرسە لەو بڕیارانەی، کە لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە دەردەچن، ئەگەر بێت و پێچەوانەی پابەندییەکی نێودەوڵەتی بێت. گرنگ نیە، ئەم بڕیارە

---

[٣٤] د.علي صادق أبوهيف، القانون الدولي العام، ب ط، منشاة المعارف، الاسكندرية، بدون سنة الطبع، ص ٢٢٥. هەروەها د.محمد عزيز شكري، المدخل الى القانون الدولي العام وقت السلم، المصدر السابق، ص ١٥٤.

[٣٥] د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٧٥. هەروەها شارل روسو، المصدر السابق، ل ١٢٢. هەروەها هوشنگ مقتدر، پيشين، ص ١٥٠. هەروەها فالا فريد ابراهيم، المصدر السابق، صص ١١١- ١١٢.

له گەڵ یاسا ناوخۆییەکاندا بگونجیّ، هەروا دەوڵەت ناتوانیّ لەم بوارەدا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی بە بیانوو بهێنێتەوە، ئەگەر بڕیارە دادوەرییەکە پێچەوانەی ڕێسایەکی نێودەوڵەتی بێت.[٣٦] دەوڵەت بەرپرسە لە هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی دادوەریی لە حاڵەتی نکۆڵی کردن لە دادپەروەری (إنکار العدالة)، کە بریتییە لە: بێبەشکردنی بیانییەکان بەشێوەیەکی گشتی و هاوڵاتیانی دەوڵەتێکی دیاریکراو بۆ پەنابردنە بەر دادگاکان، ئاستی نزمی دەزگاکانی دادوەریی، ڕەتکردنەوەی دەرکردنی بڕیار لە لایەن دادگاوە و...هتد.[٣٧]

٤) بەرپرسیارێتی دەوڵەت لەو هەڵسوکەوتانەی کە هاوولاتیانی ئەنجامی دەدەن: لەڕاستیدا وەك بنەمایەك، دەوڵەت بەرپرس نیە لەو هەڵسوکەوتانەی، کە لە لایەن کەسانی ئاساییەوە ئەنجام دەدرێن، چ ئەوانەی کە هاووڵاتین یا لە ناو هەرێمەکەیدا دەژین، ئەمەش لە بەندی (١١)ی پرۆژەی کۆمیتەی نێودەوڵەتی تایبەت بە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ڕەنگی داوەتەوە.[٣٨] ئەگەر کەسێك لە ناو هەرێمی دەوڵەتێك، هەڵسێت بە کرداری دوژمنکارانە دژ بە کەسانی بیانی بە پێچەوانەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، وەك دەستدرێژیی بۆ سەر سەرۆکی ولاتێك یا نوێنەری فەرمی یا سووکایەتیکردن بە ئاڵاکەی و...هتد، لەم حاڵەتەدا، ئەگەر دەوڵەت پابەندییە بنەڕەتییەکانی خۆی بەجێ نەگەیەنێت لە پاراستنی ئاسایش و نیزامی گشتی لە ناو هەرێمەکەیدا، ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی.[٣٩]

٥) بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە کاتی ڕوودانی شۆڕش یا جەنگی ناوخۆیی: دەبێ لێرەدا جیاوازی بکەین لە نێوان سێ حاڵەتدا:

---

[٣٦] د.عادل احمد الطائي، القانون الدولي العام (التعريف- المصادر- الأشخاص)، ط ١/ الاصدار الأول، دارالثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩، ص ٢٨٤. هەروا د.مهدي جابر، المصدر السابق، ص ٦٨. هەروەها د.سهيل حسين الفتلاوي، الموجز في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٠٥.

[٣٧] شارل روسو، المصدر السابق، صص ١٢٣- ١٢٤. هەروەها د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، المصدر السابق، ص ٥٣٠.

[٣٨] د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٨٢٠.

[٣٩] د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٢٧٧- ٢٧٨.

أ) ئەو زیانانەی، کە بەهۆی جەنگەوە بە بیانییەکان دەگات: دەوڵەت لەم حاڵەتەدا بەرپرس نیە بەهۆی جەنگی نێوان هێزەکانی حکومەت و شۆڕشگێڕان لەسەر بنەمای باڵاهێزی (القوة القاهرة).

ب) ئەو زیانانەی، کە بە بیانییەکان دەگات بە هۆی کارەکانی حکومەت بەدەر لە چوارچێوەی جەنگ: لەم حاڵەتەدا حکومەت بەرپرسە لە سامانی بیانییەکان یا لەناوچوونی سامانیان لەبەر نەبوونی زەروورەتی سەربازیی.[٤٠]

ت) ئەو زیانانەی، کە بە بیانییەکان دەگات بە هۆی کرداری شۆڕشگێڕان: ئەگەر هات و شۆڕشگێڕان سەرکەوتن و دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتییان دەکەوێتە ئەستۆ لەو زیانانەی، کە بە بیانییەکان دەگات، بەڵام لە حاڵەتی شکست هێنانیان، ئەوا دەوڵەت بەرپرس نابێ.[٤١]

پاش وردبوونەوەمان لەو کردارانەی، کە لە ناو خاکی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان ئەنجام دەدرێن، وەك دروستکردنی بەنداوەکان و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی رووبارەکە و...هتد، بۆمان دەردەکەوت، کە ئەم کردارانە لە لایەن وەزارەتی وزەی ئەو وڵاتەوە ئەنجام دەدرێن، کە بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئێران، بەمجۆرە کردارەکە دەدرێتە پاڵ دەوڵەتی ئێران و بەو هۆیەوە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەوڵەتە.

**دووەم/ کردار یا هەڵسوکەوتەکە ناڕەوا بێت:** ئەو کردارەی، کە دەدرێتە پاڵ کەسی نێودەوڵەتی، دەبێ لە رووی نێودەوڵەتییەوە ناڕەوا بێت. ئەگەر کردارێك پێچەوانەی ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت، ئەوا بە ناڕەوا دادەنرێت، بەدەر لەوەی سەرچاوەکەی رێککەوتننامە، نەریت یا بنەما گشتییەکانی یاسا

---

[٤٠] د.محمد حافظ غانم، مبادئ القانون الدولي العام: دراسة لضوابطه الاصولية و لأحكامه العامة، المصدر السابق، ص ٤١٨.

[٤١] جبابلة عمار، مجال تطبيق الحماية الدولية لضحايا النزاعات المسلحة غيرالدولية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة الحاج لخضر باتنة (الجزائر)، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ص ٢٥. هەروەها ربکا والاس، پیشین، ص ٢١٩. هەروەها هوشنگ مقتدر، پیشین، صص ١٥١- ١٥٢. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٨٠.

بێت.[٤٢] ئەم کردارەش دەتوانێ ئەرێنی بێت، وەك ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، کە مافی ئەنجامدانی نیە یا نەرێنی بێت، وەك خۆبواردن یا کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی کارێك، کە پێویستە ئەنجامی بدات.[٤٣]

سەبارەت بە ئێران، ئەو کردارانەی کە لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان ئەنجامی دەدات، پێچەوانەی ئەو پابەندییە نێودەوڵەتیانەیە، کە بە هۆی رێککەوتننامەی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥و رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی ساڵی ١٩٩٧ لەسەر شانی دروست بووە، هەربۆیە بە کرداری ناڕەوای نێودەوڵەتی دادەنرێ. جگە لەمەش بە پشت بەستن بە تیۆریی مەترسی (المخاطر) ئەگەر کردارەکانی ئێران رەوا بێت و پێچەوانەی یاساش نەبێت، بەڵام زیانی لێ بکەوێتەوە، ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دروست دەکات، وەك دروستکردنی بەنداو یا پیسکردنی ژینگەی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

**سێیەم/ کردارە ناڕەواکە زیانی لێبکەوێتەوە:** یەکێك لە مەرجەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ بەدیهاتنی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ئەوەیە، بسەلمێنرێ ئەو کردارە ناڕەوایە، کە دەدرێتە پاڵ یەکێك لە کەسە نێودەوڵەتییەکان، زیان بە کەسێکی دیکەی نێودەوڵەتی دەگەیەنێت. هەر بەم پێیە، بۆ داواکردنی قەرەبوو پێویستە بوونی زیان بسەلمێنرێت، هەروا پێویستە ئەم زیانە مسۆگەر بێت، نەك چاوەڕوانکراو بێت یا روونەدابێت.[٤٤] مەبەست لە زیان لە یاسای نێودەولەتی، بریتییە لە هەر دەستدرێژییەك، کە بۆ سەر ماف یا بەرژەوەندییەکی رەوای

---

[٤٢] د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٨١. هەروەها د.مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ٧٢. هەروەها قصي مصطفى عبدالكريم تيم، المصدر السابق، ص ١٢١.

[٤٣] د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، المصدر السابق، ص ٥٢٥. هەروەها د.محمد المجذوب، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٧٠. هەروەها هند بن عمار، المصدر السابق، ص٨٣. قصي مصطفى عبدالكريم تيم، المصدر السابق، ص ١٢٠.

[٤٤] د.محمد حافظ غانم، المسؤولية الدولية: دراسة لأحكام القانون الدولي و لتطبيقاتها التي تهم الدول العربية، المصدر السابق، ص ١١٣. هەروەها د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ص ٢٨٠. هەروا رياض السندي، المصدر السابق، ص ٩٦. د.احسان الهندي، المصدر السابق، ص ٢٢٨.

یەکێك لە کەسانی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێ.[٤٥] ئەگەر زیان بە هۆی بالا هێزیی یا دۆخی کتوپڕەوە( ظرف طارئ) دروست ببێ، ئەم بەرپرسیارێتییە لە ناودەچێ .[٤٦]

سەبارەت بە کردارەکانی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم کردارانە زیانێکی زۆری بە عێراق گەیاندووە. هەروا پەیوەندیی هەیە لە نێوان کردارەکانی ئێران و ئەو زیانانەی، کە بەر عێراق کەوتوون لەم بوارەدا و لە باسی دووەمی ئەم بەشە زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەم بابەتە.

## لقی دووەم

## ئاسەوارەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

ئاسەواری بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، کورت دەکرێتەوە لە ئەرکی دەوڵەتی کەمتەرخەم بۆ چاککردنەوەی ئەو زیانەی، کە بەهۆی هەڵسوکەوتەکانیەوە دێتەدی.[٤٧] هەربۆیە، دەتوانین ئەم ئاسەوارانە بەسەر دوو جۆردا پۆلێن بکەین بەمجۆرەی خوارەوە:

**یەکەم/ ئاسەوارە راستەوخۆکان:** بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو پابەندییە نوێیانەیە، کە دەکەونە سەرشانی دەوڵەتی ئەنجامدەری کرداری نارەوای نێودەوڵەتی، بۆ ڕێزگرتن لە پابەندییەکانی پێشووتری و پێویستە دەست بەجێ هەڵسێت بەجێبەجێکردنیان و ناتوانێ وازیان لێ بهێنێ، چونکە ئەو کەسەی، کە پابەندییەك دەکەوێتە سەرشانی، سەرپشك نیە لە نێوان جێبەجێکردن یا

---

[٤٥] محمد قجالي، حرب الخليج الثانية بين أحكام القانون الدولي و تداعيات النظام الدولي الجديد، اطروحة الدكتوراه المقدمة الى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة (الجزائر)، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ص ٢٦٠. هەروەها د.رشاد عارف يوسف السيد، المصدر السابق، صص ١٠١- ١٠٤.

[٤٦] حسين نسمة، المسؤولية الدولية الجنائية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية( غير منشور)، جامعة منتوري، قسنطينة (جمهورية الجزائرية)، ٢٠٠٦- ٢٠٠٧، ص ٣٢.

[٤٧] د.غسان الجندي، المسؤولية الدولية، المصدر السابق، ص ٥٩.

وازلێهێنانی ئەو پابەندییە.[٤٨] لێرەدا ئەم ئاسەوارانە لە دوو خاڵدا باس دەکەین بەمجۆرەی خوارەوە:

١) وازهێنان لە کرداری ناڕەوای نێودەوڵەتی و گەرەنتیدان بۆ دووپات نەبوونەوەی: بێگومان، یەکەم هەنگاو بۆ چاککردنەوەی زیان، وازهێنان و وەستاندنی کرداری ناڕەوا یا ئەو هەڵسوکەوتە زیانبەخشەیە، کە لە لایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ، ئەگەر بێت و ئەو کردارە بەردەوام بێت، ئەوا پێویستە بوەستێندرێ و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سروشتیی خۆی.[٤٩] بۆ ئەم مەبەستە دەبێ کردارەکە لە جۆری بەردەوام (المستمر) بێت، بۆ ئەوەی کاتێك، کە فەرمان دەدرێت بە وازلێهێنانی ئەو کردارە، ئەوا ئاسەوارە زیانبەخشەکان جیابکرێتەوە، بەڵام ئەگەر کردارەکە لە جۆری نابەردەوام (غیر المستمر) بوو و زیانەکانی بەردەوام بوون، ئەوا وەستاندنەکە لێرەدا قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی زیانەکان دەگرێتەوە.[٥٠] هەروا پێویستە ئەم پابەندییە گرێ بدرێت بە پابەندییەکیتر، کە ئەویش گەرەنتیدانە بە لایەنی زیانلێکەوتوو، بۆ ئەوەی ئەم کردارە وازلێهێنراوە جارێکیتر دووپات نەبێتەوە.[٥١]

٢) گەڕاندنەوەی راستینە یا گەڕاندنەوەی ماف (الرد العيني أو ردالحقوق): بە قەرەبووکردنەوە راستینەش ناو دەبرێ، بریتییە لە گەڕاندنەوەی کارەکان بۆ سروشتی یەکەمی خۆی بەر لە روودانی هەڵسوکەوتی زیانبەخش، وەك ئەوەی هیچ روونەدابێت. واتە گەڕاندنەوەی دۆخەکەیە وەك پێشتر چۆن بووە،[٥٢] بۆ نموونە گەڕاندنەوەی سامانی کەسی بیانی، کە بە ناهەق دەستی بەسەردا گیراوە یا دروستکردنەوەی ئەو خانووبەرەیەی، کە رووخاوە یا بەردانی ئەو کەسەی، کە بە ناهەق گیراوە. بێگومان، ئەمە باشترین جۆری قەرەبووکردنەوەیە، لە بەر ئەوەی

---

[٤٨] د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ص ٢٩٠.

[٤٩] محمد صنيتان الزعبي، المصدر السابق، ل ٨٧.

[٥٠] د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ل ٢٩١- ٢٩٢.

51. YearBook Of The International Law Commission 1961, VolumII, United Nations, Doc No.A/CN.4/SER.A/1961/Add.1, New York, 1962, p.37.

[٥٢] محمد صنيتان الزعبي، المصدر السابق، ص ٨٨.

دۆخەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی. ئەم گەڕاندنەوەیەش بەپێی سروشت و جۆری پێشێلکردنەکە بە ڕێکارێکی مادی، یاسایی یا دادوەریی ئەنجام دەدرێ.[٥٣] لە بواری ڕێڕەوە ئاوییەکان، ئەم گەڕاندنەوەیە دەتوانێ پێدانی ڕێژەیەکی زیاتری ئاو یا پێدانی وزەی کارەبا بێت، هەر وەك چۆن لە ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٦١ لە نێوان کەنەدا و ئەمەریکادا هاتووە.[٥٤]

**دووەم/ ئاسەوارە ناڕاستەوخۆکان:** بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە(ماف)ی دەوڵەتی زیانمەند بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی، کەدەتوانێ ببێتە هۆی چاککردنەوە یا قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی، کەلێی کەوتوون. ئەم ئاسەوارە پەیوەندیی بەمافی دەوڵەتی زیانمەندەوە هەیە، هەر بۆیە دەتوانێ وازی لێ بهێنێ، چونکە خاوەن ماف سەرپشکە لەوەی داوای مافەکەی بکات یا وازی لێ بهێنێ.[٥٥] ئەم مافەش لەدوو حاڵەتدا دەردەکەوێ، کە بریتین لە:

١) ڕێوشوێنی دژبەر (التدابیر المضادة): ئەم زاراوەیە لەڕاپۆرتی بڕیاردەری تایبەتی کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی (UN) بەمجۆرە پێناسە کراوەو بریتییە لە"هەڵسانی دەوڵەتی زیانلێکەوتوو بەهەڵپەساردنی جێبەجێکردنی پابەندییەکانی خۆی بەرامبەر بەدەوڵەتی بەرپرسیار، بەمەبەستی هاندانی دەوڵەتی ناوبراو بۆ گوێڕایەڵبوون بەپابەندییەکانی، کە بریتین لەوازهێنان‌و قەرەبووکردنەوە".[٥٦] بەکارهێنانی ئەم ڕێوشوێنە، دەکرێ بەشێوازی تاك یا

---

[٥٣] د.صلاح الدین عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٨٣٤. هەروەها د.عصام العطیة، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٨٧. هەروەها د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ص ٢٩٤.

[٥٤] أركان حمید جدیع، المصدر السابق، ص ١٤١.

[٥٥] د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ص ٢٩٠.

[٥٦] وثائق الجمعیة العامة للامم المتحدة، الدورة (٥٥) الملحق رقم ١٠ (A/٥٥/١٠)، تقریر لجنة القانون الدولي، الدورة (٥٢) عام (٢٠٠٠)، الفقرة (٢٩٦)، ص ٨٥. هەروەها د.زهیر الحسیني، التدابیر المضادة في القانون الدولي العام، ط ٢، منشورات جامعة قاریونس، بنغازي، ١٩٩٨، صص ٢٠- ٢١.

بەكۆمەڵ بێت لەلایەن دەوڵەتانی زیانلێكەوتوو دژ بە دەوڵەتی بەرپرسیار، وەك ڕاگرتنی كاركردن بە پەیماننامە، بڕینی پەیوەندیی دیپلۆماسی یا دابەزاندنی ئاستەكەی، سزای ئابووریی وەك قەدەغەكردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی. هەروا بۆ ئەوەی ئەم ڕێوشوێنانە ڕەوا بن و نەچنە چوارچێوەی كرداری ناڕەواوە، دەبێ خاوەن سروشتێكی ئاشتیانە بن و هاوسەنگ بن لە گەڵ ئەو زیانەی، كە لەو دەوڵەتە كەوتووە بۆ ئەوەی نەبێتە زێدەڕۆیی لە بەكارهێنانی ماف.(٥٧)

٢) قەرەبووكردنەوە: مەبەست لە قەرەبووكردنەوە لە یاسای نێودەوڵەتی، بژاردنەوەی ئەو زیانەیە، كە بەهۆی كرداری ناڕەواوە دروست دەبێ و لە لایەن دەوڵەتێكەوە دژ بە دەوڵەتێكیتر ئەنجام دەدرێ، ئەمەش نەهێشتنی ئەو ئاسەوارە زیانبەخشەیە، كە بەهۆی ئەو كردارەوە دروستبووە.(٥٨) قەرەبووكردنەوە بەسەر دووجۆردا دابەشدەكرێ و بریتین لە:

أ) قەرەبووكردنەوەی دارایی: بریتییە لە پێدانی بڕێك پارە لە لایەن دەوڵەتی بەرپرسیار بە لایەنی زیانلێكەوتوو، وەك قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانە مادی و مەعنەوییانەی، كە بەهۆی كرداری ناڕەواوە هاتۆتەدی. دیاریكردنی بڕی قەرەبوو بە ڕێككەوتنی نێوان هەردوولا یا لە ڕێگای ناوبژیكاریی و دادوەرییەوە دەبێت.(٥٩) قەرەبووكردنەوە، وەك جێگرەوە یا تەواوكارێك بۆ گەڕاندنەوەی ڕاستینە دادەنرێ و بۆ هەموو جۆرە زیانێكی مادی یا مەعنەویی بەكاردێت. هەروا بۆ زیانی ڕاستەوخۆ، كە بریتییە لە سامان و هەرێمی دەوڵەت و زیانی ناڕاستەخۆ، كە هاووڵاتیان دەگرێتەوە بەكاردێت.(٦٠)

---

(٥٧) د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، صص ٢٩٥- ٢٩٨. هەروەها د.زهير الحسيني، المصدر السابق، صص ٢٠- ٢١.

(٥٨) هند بن عمار، المصدر السابق، ص ١٢٨.

(٥٩) د.محمد حافظ غانم، المسؤولية الدولية: دراسة لأحكام القانون الدولي و لتطبيقاتها التي تهم الدول العربية، ص ١٢٧. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢٨٧. هەروەها د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٨٣٤.

(٦٠) د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، صص ٢٩٩- ٣٠٠.

ب) قەرەبووکردنەوەی مەعنەویی یا دڵنەوایی (الترضیة): مەبەست لە دڵنەوایی، چاککردنەوەی ئەو زیانەیە، کە بە مافە ناداراییەکانی دەوڵەت دەگات. ئەم شێوازە لە چاککردنەوەی زیان، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە مەعنەوییانە بەکاردێت، کە ناکرێت بە شێوازی گەڕاندنەوەی راستینە یا قەرەبووی دارایی چاك بکرێنەوە و باشتر وایە شێوازی مەعنەویی یا سەمبۆلیك (رەمزیی) وەربگرن.[٦١] دڵنەوایی دەکرێ بە شێوازی دانان بە پێشێلکاریی و ناڕەوابوونی هەڵسوکەوت، دەربڕینی داخ و پەژارە (أسف)، لێبوردنی فەرمی و... هتد، یا هەر شێوازێکی شیاوی دیکە بێت. هەروا دەبێ لە نێوان جۆری زیان و قەبارە و چۆنێتی قەرەبووکردنەوەکەدا هاوسەنگی هەبێت.[٦٢]

پاش ئەوەی ئاسەوارە جۆراوجۆرەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیمان خستەڕوو، وای بۆ دەچین، کە باشترین شێواز بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو زیانەی، کە ئێران لە رێڕەوی ئاوبی سیروان بە عێراقی دەگەیەنێ، بە پلەی یەکەم بریتییە لە وازهێنان لە کرداری ناڕەوای نێودەوڵەتی و گەرەنتیدان بۆ دووپات نەبوونەوەی لە لایەن ئێرانەوە، بە پلەی دووەم گەڕاندنەوەی راستینەیە، واتە گەڕاندنەوەی کارەکانە بۆ سروشتی یەکەمی خۆی بەر لە رووداني هەڵسوکەوتی زیانبەخش، کە ئەمەش بریتییە لە وەستاندن و وازهێنانی ئێران لەو پرۆژانەی کە لەسەر رێڕەوی ئاوبی سیروان جێبەجێی کردووە یا دەیکات. هەروا عێراق مافی ئەوەی هەیە رێوشوێنی دژبەر بگرێتەبەر، وەك راگرتنی کارکردن بەو بەندانەی رێککەوتننامەی ئەلجەزایر، کە لە بەرژەوەندیی ئێرانن و هەڵپەساردنی پابەندییەکانی خۆی لەو رێککەوتنە، بۆ ملکەچبوونی ئێران بەرامبەر بە مافەکانی عێراق لەم رێککەوتنەدا یا هەوڵدان بۆ هەموارکردنی بەجۆرێك، کە

[٦١] د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ص ٣٠١. هەروەها د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ص ٨٣٥.

[٦٢] هند بن عمار، المصدر السابق، ص ١٣٢. هەروەها د.عادل احمد الطائي، المصدر السابق، ص ٣٠١- ٣٠٢. هەروەها شارل روسو، المصدر السابق، ص ١٣١. د.عبدالملك يونس محمد، المصدر السابق، ص ٢٠٠.

لەگەڵ دۆخی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی مافەکانی هەردوولادا بگونجێ. لە حاڵەتی جێبەجێ نەبوونی ئەمانەش، ئەوا عێراق دەتوانێ داوای قەرەبووی دارایی بکات لەو زیانانەی، کە پێی دەگات، ئەمەش دەکرێ بە شێوازی قەرەبووی دارایی یا پێدانی رێژەیەکی زیاتری ئاو یا وزەی کارەبا بێت بە عێراق. بۆ بەدیهاتنی ئەم مەبەستەش، دەکرێ ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەکاربێت، کە لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

## باسی دووەم

# ناکۆکی و شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاوی سیروان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

پاش ئەوەی لە باسی یەکەم ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیمان ڕوون کردەوە، لەم باسەدا بە گوێرەی ڕێککەوتنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران و ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ١٩٩٧، هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان و شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندن و پێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەم ڕێڕەوە ئاوییەدا دەخەینە بەرباس. هەربۆیە، باسەکەمان بە سەر دوو مەبەستدا دابەش دەکەین. لە مەبەستی یەکەم، باس لە ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین و لە مەبەستی دووەم، شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخەینەڕوو.

### مەبەستی یەکەم
### ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

لەم مەبەستەدا باس لەو ناکۆکییانە دەکەین، کە لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە نێوان عێراق و ئێران لە ئارادایە. هەربۆیە، بەپێی پێناسەی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم مەبەستە

دەخەینە بەرباس، کە بەو پێیە جگە لە ڕێڕەوی سەرەکی سیروان، باس لە ناکۆکی لەسەر دوو لقی دیکەی ئەم ڕێڕەوەش دەکەین، کە بریتین لە ڕووبارەکانی ئەڵوەند و قۆرەتوو.(٦٣) هەربۆیە، مەبەستەکەمان بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین. لە لقی یەکەم، باس لە ناکۆکی لەسەر ڕووباری سیروان دەکەین و لە لقی دووەم، ئاماژە بە ناکۆکی لەسەر ڕووبارەکانی ئەڵوەند و قۆرەتوو دەکەین.

## لقی یەکەم
## ناکۆکی لەسەر ڕووباری سیروان

ڕووباری سیروان بە شادەماری سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەو شار و گوندانەی، کە پێیدا تێپەڕ دەبێ و گرنگییەکەی تەنیا بۆ بەکارهێنانی ئابووریی ڕووبارەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکوو یەکێکە لەو ڕووبارانەی، کە ڕووباری دیجلە پڕئاو دەکات و هەرجۆرە کەمبوونەوەیەك لە ئاوی ئەم ڕووبارە کاریگەریی لەسەر ڕووباری دیجلەش هەیە.(٦٤) هەڵکەوتنی حەوزی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە ناو خاکی ئێران، بووەتە هۆی ئەوەی، کە عێراق نەتوانێ فەرمانی لەسەر بکات و گەرەنتی بڕی پێویستی ئاوەکەی بکات بۆ عێراق، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە ئێران ئاو وەك چەکێکی سیاسی و جیوپۆلیتیکی بەکار بهێنێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ستراتیجیەکانی خۆی.(٦٥) باڵوێزخانەی عێراق لە تاران لە یاداشتێکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ١٩٧٦/٩/٩، ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ لە

---

(٦٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم پێناسەیە بڕوانە بۆ: مەبەستی یەکەم لە باسی دووەم لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناوی (سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان)، کە تێیدا بە تێروتەسەلی تیشکمان خستۆتە سەر ئەم پێناسەیە.

(٦٤) لؤي عدنان حسون الجميلي، العلاقات المكانية لتلوث مياه نهر ديالى بالنشاطات البشرية بين سد ديالى ومصبه بنهر دجلة، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية التربية/ ابن رشد (غيرمنشور)، جامعة بغداد، ٢٠٠٩، ص ٢٣.

(٦٥) د.عماد احمد عبدالصاحب الجواهري و د.رضا عبدالجبار الشمري، مشكلات المياه في العراق الواقع والحلول المقترحة، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد الثاني، العدد الأول، ٢٠٠٩، ص ٣٨.

کەمبوونەوەی ئاوی ئەو رووبارانەی، کە دەڕژێنە بەنداوی دەربەندیخان وەك چەمی تەوێڵە و بیارە و رووباری زەڵم.[٦٦] سەرەتای ئەم کێشەیە پاش ساڵی ١٩٩١ دەرکەوت، کە لەو کاتەدا ئێران هەوڵەکانی چڕوپڕتر کرد بۆ دروستکردنی پرۆژەی بەنداوەکانی لەسەر ئەم رووبارە نێودەوڵەتییە هاوبەشە و لقەکانی،[٦٧] بەجۆرێك، کە بە شێوەیەکی ترسناك بووەتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی ئاوی کۆبووەوەی ناو ئەهوارەکان.[٦٨] بەکارهێنانی ئاوی رووباری سیروان و رووبارە سنوورییەکانیتر، هەر لە دێرزەمانەوە لە لایەن ئەندازیارانی ئێرانی و بیانییەوە گرنگی پێدراوە و لە ئاستی جۆراوجۆر لەمبارەیەوە توێژینەوەیان ئەنجامداوە. لەم توێژینەوانەدا، گرنگی زۆر بە گواستنەوەی ئاوی زێی بچووك و سیروان دراوە بۆ دەشتەکانی کرماشان، لە رێگای بەنداوی کۆکەرەوە و تونێلی گواستنەوەی ئاو و پۆمپاژکردنی ئاو لە لایەك و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاویی لە لایەکیترەوە. جگە لەمەش، توێژینەوە لە رووبارە بچووکە سنوورییەکانی رۆژئاوای ئێران و کەڵکوەرگرتن لە ئاوەکانیان، جێگای سەرنج بووە و هەندێکیشی جێبەجێ کراوە.[٦٩]

هەتا پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێران، جگە لە بەنداوی قشلاق هیچ پرۆژەیەکی ئاویی گرنگ لەسەر رووباری سیروان جێبەجێ نەکرا، کە ئەمەش دەبووە هۆی لەدەست دەرچوونی چەندین ملیار مەتر سێجا لەم ئاوانە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا لە رێگای دروستکردنی بەنداو و وێستگەکانی پۆمپاژ، هەوڵی چڕوپڕ

---

[٦٦] محمد حسن نامی، پیشین، ص ٢٢٥.

[٦٧] د.محمد یوسف حاجم و باسم مجید حمید، المصدر السابق، ص ٨٤.

[٦٨] عبدالاله عبدالرزاق الزرکاني، سد الغاب الترکي علی دجلة والفرات أزمة میاه حقیقیة للعراق، متاح علی الموقع الالکتروني التالي:

http://nasiriyah.org/ara/post/17959/lastvisited:23/1/2013.

([٦٩]) طرح تامین آب مناطق گرمسیری غرب کشور، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:

http://www.jamab.com/abgarmsiri.htm/ lastvisited:29/12/2012.

هاتەئاراوە بۆ بەکارهێنانی باشتری ئەم ئاوانە.[٧٠] وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق لە ٢٠٠٥/٦/٢٦ لە نامەیەکیدا بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە بەغداد، باس لەوە دەکات، کە دەرەنجامەکانی دروستکردنی بەنداو لەسەر رووباری سیروان لە لایەن ئێرانەوە، بخرێتە خشتەی گفتوگۆکانی هەردوو وڵات. هەتا ئێستاش یاداشتەکانی نارەزایی عێراق لەسەر رووبارە هاوبەشەکان هەر بەردەوامن.[٧١] هەروا ئێران بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەستا بە گۆڕینی ڕێڕەوی رووباری کاروون و لەساڵی ٢٠٠٩ ئەم پرۆژەیەی تەواو کرد، کە ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێ لە شەتولعەرەب و بێکەڵک بوونی ئاوەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئێستاش ئێران هەمان سیاسەتی بەرامبەر بە رووباری سیروانیش گرتۆتەبەر.[٧٢]

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١١/٨/١٥ بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی وشککردنی رووباری ئەڵوەند لە لایەن ئێرانەوە، کێشەی کەمبوونەوەی ئاوی رووباری سیروانیشی خستە بەرباس. ژمارەیەك لە نوێنەران داوایان لە لایەنە پەیوەندیدارە عێراقییەکان کرد، هەڵوێستی شیاو لەم بارەیەوە وەربگرن بۆ ناچارکردنی ئێران بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لەم بوارەدا و ڕێزگرتن لە مافەکانی عێراق.[٧٣] لەم ساڵانەی دواییدا، کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی ئاوی رووباری سیروان هاتۆتەدی، ئەمەش جگە لە فاکتەرە سروشتییەکان، وەك کەمبوونەوەی بارینی

---

([٧٠]) غلام حسين نهازي، مشكلة المياه في ايران (١) دراسة حول مصادر المياه و كيفية استغلالها: مشكلة المياه في الشرق الأوسط، دراسات قطرية حول الموارد المائية واستخداماتها، الجزء الأول، ط ١، مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٤، ص ٤١٢.

([٧١]) محمد حسن نامی، پیشین، ص ٢٢٦.

([٧٢]) نزار السامرائي، المصدر السابق.

[٧٣] مجلس النواب العراقي، محضر الجلسة رقم (٢٢)، الاثنين ٢٠١١/٨/١٥، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

http://www.parliament.iq/LiveWebsites/Arabic/Container.aspx/lastvisited:20/9/2 .012

باران و بەرزبوونەوەی بەهەڵمبوون، بۆ هۆکاری دەرەکی، وەك دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکە دەگەڕێتەوە، کە بە نۆرەی خۆی کاریگەریی هەبووە لەسەر بەکارهێنانی ڕووبارەکە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیسبوونی ئاوەکەی، چونکە ناتوانێ پاککردنەوەی خودیی ئەنجام بدات و لە ئەنجامدا ڕێژەی خوێی ڕووبارەکە بەرز دەبێتەوە.[٧٤]

هەروەها ئێران هەڵساوە بە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووباری سیروان و لە ڕێگای دوو تونێلی دوور و درێژەوە هەوڵی گواستنەوەی ئاوەکەی داوە بۆ پشت شاری جوانرۆ، کە بە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە ڕووباری سیروان دەبێتە ڕێڕەوێکی وشك. ئەگەر ئێران لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی بەردەوام بێ ئەو زەویوزارانەی، کە دەکەونە سەر ئەم ڕووبارە دەبنە بیابان، بە تایبەت زەویوزارەکانی پارێزگای دیالە و ڕووباری سیروانیش دەبێتە ڕووبارێکی وەرزیی.[٧٥] جگە لەمەش، ئێران بە پرۆژەکانی لەسەر حەوزی سیروان، کە ئاوی بەشێك لە بەغداد دابین دەکات، دەیەوێ وەك دەوڵەتێکی سەروو ڕووبار، توانای جیۆپۆلیتیکی خۆی زیاتر بکات بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر عێراق.[٧٦] وشکبوونی ڕووباری سیروان، ڕەوشێکی کارەساتبار دروست دەکات و لە ساڵی ٢٠٠٨ لە چاو (٧٠) ساڵی ڕابردوو، کەمترین ڕێژەی ئاوی تۆمار کردووە، ئەمەش بۆ کەمبوونەوەی بەفر و باران و دروستکردنی بەنداو و کۆگای ئاو دەگەڕێتەوە لە لایەن ئێرانەوە، بەجۆرێك، کە داهاتی کەڵەکەبووی (متراكم الإيرادات) هەتا مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتە (٠,٢٣ م٣) و بە ڕێژەی (٢١٪) تێکڕای گشتی.[٧٧] هەروا تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانە، بەر لە دروستکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان لە

---

[٧٤] لؤي عدنان حسون الجميلي، المصدر السابق، ص ٤٩.

[٧٥] د.عبدالله حسون محمد، مشكلة المياه بين العراق و دول الجوار و الاثار الاقتصادية و السياسية الناجمة عنها، مجلة الفتح، كلية التربية، جامعة ديالى، العدد الثامن والثلاثون، ٢٠٠٩، صص ٩٩-١٠٠.

[٧٦] محمد حسن نامی، پیشین، ص ١٩٦.

[٧٧] عبدالله حسون محمد، مشكلة المياه في محافظة ديالى و ترشيد استهلاكها، المصدر السابق، صص ٣٨- ٣٩.

**لایەن ئێران، لەسەر ڕووبارەکە دەگەیشتە (٣,٥٢ ملیار م٣)، بەڵام پاش جێبەجێکردنی پرۆژە و بەنداوەکانی ئێران لەسەر ئەم ڕووبارە، کە پێویستیە ئاوییەکانی دەگاتە (١,٤٧٥ ملیار م٣)، وا چاوەڕوان دەکرێ داهاتی ئاوی ئەم ڕووبارە، پاش تەواوبوونی ئەم پرۆژانە لە ئایندەیەکی نزیکدا بگاتە (٢,٠٨٥ ملیار م٣).[٧٨] شیاوی باسە، کەمبوونەوەی (١ ملیار م٣) لە ئاو، دەبێتە هۆی ئەوەی (٢٦٠) هەزار دۆنم لە زەویوزاری کشتوکاڵی بە تەواویی زیانی لێبکەوێت و ببێتە زەوی نەشیاو بۆ کشتوکاڵ.[٧٩]**

**بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دیالە (ماجد عەزاوی)، لە وتەیەکیدا بۆ ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاکانیوز)، هوشداری دەدات لە مەترسی لەناوچوونی ڕووباری سیروان بەهۆی ئەو هەڕەشانەی، کە ڕووبەڕووی بووەتەوە لە کەمبوونەوەی ئاوەکەی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێ بە هۆی پیسیەکان و کبریت. ئەمەش بۆ کەمی باران دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ، کە بووەتە هۆی لەناوچوونی (٢٥٪) بێستانەکان و (٨٠٪) زەویوزاری کشتوکاڵی، کە پشت بە ئاوی ئەم ڕووبارە دەبەستن. هەروا ناوبراو وتی ڕووبارەکە بۆ ماوەی (١٢) ساڵە لە ڕۆیشتنی خۆی وەستاوە و بە هۆی ڕێژەی بەرزی خوێ و پیسیەکان ڕەنگی ئاوەکەی گۆڕاوە.[٨٠] بە هۆی پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو لە لایەن ئێرانەوە لەسەر هەردوو ڕووباری زێی بچووك و سیروان و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەمەی دووەمیان، ڕێژەی ئەو ئاوەی دەگاتە ڕووباری دیجلە بە ڕێژەی (١٥- ٢٠٪) کەمیکردووە.[٨١]**

**ئێران، پلانی داناوە بۆ بەراوکردنی (١٣٨٠٠٠) هیکتار لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی لە ڕێگای بەکارهێنانی ساڵانەی (٣,١ ملیار م٣) لە ئاوەکانی هەردوو ڕووباری زێی بچووك و سیروان. لە ئەنجامی جێبەجێبوونی ئەم پرۆژەیە،**

---

**[٧٨] طالب حسن اسماعيل، المصدر السابق، ص ١٠.**

**[٧٩] عبدالرضا كاطع حسون، المصدر السابق، ص ٢٢٢.**

**([٨٠]) مسؤولون: نهر ديالى متوقف عن الجريان الانسيابي منذ ١٠سنوات و يواجه خطر إندثار، جريدة العالم، العدد (٥٥٧)، ١٢ نيسان ٢٠١٢، بغداد، ص ٤.**

**([٨١]) رحيم الموسوي و مصطفى الموسوي، الاضطرابات التي تعاني منها الموازنة المائية في العراق، مجلة ملفات عراقية، مؤسسة الغدير الثقافية، بدون مكان طبع، العدد ١٩، ٢٠٠٣، ص ٢٦.**

ئاوی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بە ڕێژەی (٢٣٪) دادەبەزێ، کە ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی هەیە و بەهای هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دادەبەزێنێ، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی ئەو وشکەسالییەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە.[٨٢] مەترسی ئەم پرۆژانەی ئێران پێشتر روون نەبوو، بەلام کاتێك تورکیا و ئێران هەلسان بە ئەنجامدانی پرۆژەکانیان لەسەر رووباری دیجلە و لقەکانی، مەترسیی ئەم پرۆژانە زیاتر دەرکەوتن بەجۆرێك، کە کاریان کردە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی ئاو و وشکبوونی پانتاییەکی زۆر، کە پشتیان بە سیروان و زێی بچووك دەبەست.[٨٣] هەروا ئەم رەفتارەی ئێران، دەبێتە هۆی کۆچی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی، کە پشت بە ئاوی ئەم رووبارە دەبەستن بۆ ناوچەکانیتر، کە پێشتر حالەتی هاوشێوە لە ناوچەکانی بەدرە و مەندەلی بەدیکراوە.[٨٤]

## لقی دووەم
## ناکۆکی لەسەر رووبارەکانی ئەلوەند و قۆرەتوو

لەم لقەدا باس لەو کێشە و ناکۆکییانە دەکەین، کە لەسەر هەردوو رووباری ئەلوەند و قۆرەتوو لە نێوان هەردوو ولاتدا دروستبووە و بۆ ئەم مەبەستە ئەم لقە بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین بەجۆرەی خوارەوە:

**یەکەم/ ناکۆکی لەسەر رووباری ئەلوەند:** ئێران کار دەکات بۆ وشککردنی ئاوی رووباری ئەلوەند، کە لەو ولاتەوە سەرچاوە دەگرێ لە ڕێگای گۆڕینی ڕێڕەوەکەی بۆ ناو خاکی ئێران.[٨٥] بەشێکی زۆر لەو رووبارانەی، کە سیروان پڕئاو

---

([٨٢]) د.سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٤٧٢.

([٨٣]) د.احمد عمر الراوي، تأثير سياسات دول الجوار على الموارد المائية في العراق، بحوث الندوة: دراسات حول مشكلة المياه في العراق التي نظمها قسم الدراسات الجغرافية في مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية، بغداد، ٢٠/٥/٢٠٠٩، ص ٢٣.

([٨٤]) صبرية احمد لافي الغريري، المصدر السابق، ص ٢٣٩.

([٨٥]) رحيم الموسوي و مصطفى الموسوي، المصدر السابق، ص ٢٦.

دەکەن وەك ئەڵوەند، هەواسان و قۆرەتوو تووشی وشککردن هاتوون[٨٦]. عێراق هەر لە کۆنەوە مافی سودوەرگرتنی هەبووە لەم روبارە، کە ئەمەش مافی وەدەستهاتووی ئەم وڵاتە دەسەلمێنێ بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئاوی رووباری ئەڵوەند.[٨٧] ئێران لە راگەیاندنی جەنگی ئاو لە ناوچەکە پێش تورکیا کەوت، ئەویش بە وشککردنی ئاوی رووباری ئەڵوەند لە رێگای گۆڕینی رێڕەوەکەی بۆ ناو قوڵایی خاکی ئێران.[٨٨] لە ساڵی ١٩٥٣، ئێران هەڵسا بە دروستکردنی جۆگەیەك لەسەر رووباری ئەڵوەند لە قەسری شیرینەوە بەرەو خەسرەوی، بە مەبەستی گواستنەوەی ئاوەکەی، بە بێ ئەوەی گرنگی بە نارەزاییەکانی عێراق بدات، ئەمەش زیانێکی زۆری بە جووتیارانی عێراقی گەیاند.[٨٩] سەرەڕای هەوڵە دیپلۆماسییەکانی عێراق بۆ راگرتنی ئەم پرۆژەیە، بەڵام ئێران هەر لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکەی بەردەوامبوو. هەربۆیە عێراق، لە رێکەوتی ١٢/٤/١٩٥٤ و ٢٨/٩/١٩٥٨ بە ناردنی دوو یاداشت، ئێرانی لە بەڵگەکانی تایبەت بەم کێشەیە ئاگادار کردەوە. پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨، ئێران سەرلەنوێ پرۆژەکەی دەست پێکردەوە و عێراق لە رێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٥٨ بە ناردنی یاداشتێك داوایکرد، کە ئێران دەستبەجێ پرۆژەکەی رابگرێ و رێککەوتنێك گرێ بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی رووبارە سنوورییە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر بنەمای دۆخی جیگیربوو، هەتا دانانی کۆمیتەی سنووریی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانی هەردووولات.[٩٠] دەوڵەتی ئێران ئەمەی رەتکردەوە و رایگەیاند، کە ئەمە رێکارێکی ناوخۆیی

---

[٨٦] لؤي عدنان حسون الجميلي، المصدر السابق، ص ٤٩.

[٨٧] د.فلاح شاكر أسود، نهرا دجلة ونيل دراسة في علاقة الجوار، مجلة الجمعية العراقية الجغرافية، الجمعية العراقية الجغرافية، العدد العشرون، بغداد، تموز ١٩٨٧، ص ١١٠.

[٨٨] ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ٣١٣.

[٨٩] د.فلاح شاكر أسود، الحدود الشرقية للوطن العربي و الاطماع الفارسية، المصدر السابق، ص ٣٦. صبرية احمد لافي الغريري، المصدر السابق، ص ١٩٠.

[٩٠] الاتحاد العام لنساء العراق، اضواء على العلاقات العراقية ـ الايرانية: الموقف العراقي الرسمي من الخلاف مع ايران (الجزء الاول)، أمانة الدراسات والبحوث، ب ط، بغداد، بدون سنة طبع، صص ١٧٩- ١٨٠.

خاوەن سروشتێکی ناوچەییە، هەربۆیە دروستکردنی جۆگە لەسەر ئەو رووبارە بە گرفتی سنووریی دانانرێ و دەوڵەتی ئێران دەتوانێ بۆ خۆی بڕیار لەسەر ئەم کێشەیە بدات، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە سەروەریی دەوڵەتەوە هەیە.

هەربۆیە عێراق، لە رێکەوتی ٢٨/٣/١٩٥٩ هۆشدارییەکی ئاراستەی ئێران کرد و تێیدا روونی کردەوە، کە دەوڵەتی عێراق ئامادە نیە بچێتە ناو گفتوگۆ لەسەر کێشە سنوورییەکان، ئەگەر کێشەی رووبارە ناکۆکی لەسەرەکان نەخرێتە ناو خشتەی کارەکان و لە حاڵەتی سووربوونی ئێران لەسەر گۆڕینی رێڕەوی رووباری ئەڵوەند، ئەوا عێراق ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر رێکاری یاسایی بۆ پاراستنی مافە رەواکانی خۆی.[٩١] ئێران، گوێی لەم ناڕەزاییانەی عێراق نەگرت و لە ساڵی ١٩٦٠ لە سەردەمی سەرەك وەزیرانی پێشوو عەبدولکەریم قاسم، رێگریی کرد لە هاتنی ئاوی ئەڵوەند بۆ ناوخاکی عێراق، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق، فەرمان بدات بە هەڵکەندنی جۆگەیەك لە رووباری سیروانەوە بە درێژیی (٤١ کم) و قووڵی (٥ م) بە ئاراستەی شاری خانەقین.[٩٢] بەدرێژایی ساڵانی رابردوو، ئێران لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوامبووە و لە ساڵی ٢٠٠٧یش سەرلەنوێ هەڵسایەوە بە گۆڕینی رێڕەوی رووباری ئەڵوەند، کە ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی (٨٠٪) رێژەی ئاوەکەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو. لە ئەنجامدا (١٦٠٠) دۆنم لە باخ و بێستانەکان و (٥٠٠٠) دۆنم لە کێڵگەکانی پارێزگای دیالە زیانیان پێگەیشت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەبیابانبوونی (٦٠٪) زەویوزارەکانی قەزای خانەقین. بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە ئاوییەکانی پارێزگای دیالە، باس لەوە دەکات، کە پشکی عێراق لە رووباری ئەڵوەند بریتییە لە (٧ م٣/ لە چرکە)یەکدا، کە بەر لە رووخانی رژێم ئەم رێژەیە دەگەیشتە (١٠ م٣/چ)، بەڵام ئێستا گەیشتووەتە (٤ یا ٥ م٣/چ).[٩٣]

---

[٩١] د.خالد العزي، مشكلة الأنهار الحدودية المشتركة بين العراق و ايران، المصدر السابق، صص ٢١- ٢٣.

[٩٢] ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ٣١٣.

[٩٣] الوند: مشروع تصحّر جديد، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
www.xendan.org/arabic/drejaa.aspx?jmara=7924/lastvisitzed:20/1/2013.

ئەم پێشلێکارییانەی ئێران دژ بە مافەکانی عێراق لە رووباری ئەڵوەند، بووە هۆی ئەوەی، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبوونەوەی خۆی لە ١٥/٨/٢٠١١، کێشەی وشکبوونی ئەم رووبارە و بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران بخاتە بەرباس و گفتوگۆ و داوا لە لایەنە پەیوندیدارە عێراقییەکان بکات، هەڵوێستی شیاو لەم بارەیەوە وەربگرن.[٩٤] جگە لەمەش، ئەم رەفتارەی ئێران، بووە هۆی دروستبوونی مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری لە لایەن خەڵکی شاری خانەقین لە رێکەوتی ١٨/٧/٢٠١١ و داخستنی خاڵی سنووریی مونزەریە دژ بە هەڵسوکەوتەکانی دەوڵەتی ئێران لە وشککردنی ئاوی رووباری ئەڵوەند.[٩٥]

**دووەم/ ناکۆکی لەسەر رووباری قۆرەتوو:** هەروەك لە بەشی یەکەم باسمانکرد، رووباری قۆرەتوو یەکێکە لەو رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتیانەی، کە لە ئێرانەوە دێتە ناو خاکی عێراق و بە یەکێك لە لقە سەرەکییەکانی رووباری سیروان دادەنرێ. هەر لە کۆنەوە، بەپێی رێککەوتنی نێوان جووتیارانی عێراق و ئێران، ئاوی ئەم رووبارە پێنج رۆژ بۆ ئێرانییەکان و پێنج رۆژ بۆ عێراقییەکان بووە، بەڵام بارودۆخی سیاسی زاڵ بەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات و باردۆخی کەشوهەوا پاڵنەر بوو بۆ جووتیارانی ئێرانی، کە ئەم رێککەوتنە پێشێل بکەن. بە تایبەت لە کاتی وشکە ساڵی، بەنداوی کاتییان لەسەر ئەم رووبارە دروست دەکرد و دەبوونە هۆی لەناوچوونی بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیارانی عێراقی، تەنانەت هەندێك جار شەڕی خوێناویش لە نێوان هەردووولادا روویدەدا. سەرەڕای نارەزاییە فەرمییەکانی عێراق، بەڵام دەوڵەتی ئێران هەر

---

[٩٤] مجلس النواب العراقي، المصدر السابق.

[٩٥] علي عجيل منهل، نهر الوند جنون تقطعه ايران الاسلامية عن خانقين، ثم تطلق سراحه لماذا؟، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

www.m.ahewar.org/s.asp?aid=268683&r=75&cid0&u&i=2567&q/lastvisited:2/2/2013.

لەسەر ئەم هەڵسوکەوتانەی خۆی بەردەوامبوو.[96] ئێران هەڵساوە بە دروستکردنی چەند بەنداوێکی بچووك لەسەر رووباری قۆرەتوو، کە بووەتە هۆی کەمبوونی ئاوی ئەم رووبارە و لە وەرزی هاوین رێژەی بەرێکردنی ئاوەکەی گەیشتۆتە (٥.٪ م٣) و تەنانەت لە هەندێ ساڵیشدا وشك بووە.[97] لە هاوینی ساڵی ٢٠١٢، ئێران جارێکیتر هەڵسا بە وشککردنی ئاوی رووباری قۆرەتوو و گوندنشینەکانی ناحیەی قۆرەتووی قەزای خانەقینی تووشی گرفتی کەمئاوی کردەوە.[98] سەرچاوەیەك لە ئیدارەی گەرمیان لە ١١/٨/٢٠١٢ ئاشکرای کرد، کە لە ئەنجامی بڕینی ئاوی رووباری قۆرەتوو، دانیشتووانی گوندەکانی ناوچەکە بە هۆی وشکەساڵییەوە هەڕەشەی چۆڵکردنی ناوچەکەیان کردووە.[99] ئەمەش پێچەوانەی بەندی (٢/ بڕگە أ) لە رێککەوتنی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥-ە لە نێوان هەردوو وڵات، کە تێیدا هاتووە ئاوی ئەم رووبارە بە نیوەیی لە نێوان هەردوو وڵاتدا دابەشدەکرێ.

---

(٩٦) د.خالد العزي، مشكلة الأنهار الحدودية المشتركة بين العراق و ايران، المصدر السابق، صص ٢٤-٢٥.

(٩٧) د.احمد عمر الراوي، المصدر السابق، ص ٢٢. هەروەها صبرية احمد لافي الغريري، المصدر السابق، ص ١٨٩.

(٩٨) حکومەتی ئێران پێشی بە ئاوی رووباری قۆرەتووش بۆ خانەقین گرت، وتارێکە لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێ:
www.kurdpa.net/index.php?besh=dereje&id=5538/lastvisited:13/8/2012.

(٩٩) جاسم الشمري، حرب المياه في العراق، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
http://jasemalshamary.blogspot.com/2012/08/blog-post30html/lastvisited:15/3/2013.

## مەبەستی دووەم

## شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی

پاش ئەوەی لە مەبەستی یەکەم کێشە و ناکۆکییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوی ئاویی سیروانمان خستەڕوو، ئەوا لەم مەبەستەدا لە ژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات، ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ۱۹۹۷، نەریتی نێودەوڵەتی و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییەکان، شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی ئێران بەجۆرەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

### لقی یەکەم

### بەکارهێنانی زێدەڕۆییانەی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە لایەن ئێرانەوە

ئێران بە شێوازێکی زێدەڕۆیانە، ئەم ڕووبارە و لقەکانی بەکار هێناوە لە ڕێگای دروستکردنی بەنداو و کۆکردنەوەی ئاو و زیادکردنی پشکی ئاوی ئێران لە کەناڵ و تۆڕەکانی ئاودێریی، لەسەر حیسابی پشکی عێراق بە مەبەستی بەکارهێنانی لە بواری گەشەپێدانی کشتوکاڵ، کە ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاوی هاتوو بۆ عێراق، بە بێ ئەوەی مافە مێژووییە سەلمێنراوەکانی ئەم وڵاتە لە بەرچاو بگرێت.[١٠٠] ئەو پرۆژانەی، کە ئێران لەسەر سیروان جێبەجێی دەکات بەگشتی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێ. لە قۆناغی یەکەم، بە تەواوبوونی بەنداوی گاوشان (٨٪) و لە قۆناغی دووەم، بە تەواوبوونی ئەو بەنداوانەی، کە لە ژێر توێژینەوەدان نزیکەی ٢٥٪ و لە قۆناغی سێیەم، بە تەواوبوونی تونێلەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی ئێران، نزیکەی (٣٠٪) و سەرجەم

---

[١٠٠] د.سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٢٩. هەروەها صبرية احمد لافي الغريري، المصدر السابق، ص ١٩٨. هەروەها محمد جواد علي مبارك، المصدر السابق، ص ٨٩.

نزیکەی (٦٥٪) لە ئاوی رووباری سیروان، کە دەکاتە (١/٧ ملیار م٣) ئاو لە ناو ئێراندا کەڵکی لێوەردەگیرێت، پاشماوەکەشی واتە (٣٥٪) دێتە ناوخاکی عێراق.[١٠١] هەروا سەبارەت بە رووباری ئەڵوەندیش، ئێران هەر لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، هەڵساوە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی گەشەپێدانی سیستەمی ئاودێریی و دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی رێڕەوی رووبارەکە، کە بووەتە هۆی کەمبوونی رێژەی ئاوی هاتوو بۆ کەمتر لە (١/٥ م٣/چ)، کە لە رابردوو لە (٨ م٣/چ) کەمتر نەبووە.[١٠٢] ئەم زێدەڕۆیانە لە رووباری قۆرەتووش رەنگی داوەتەوە، کە پاش ئەنجامدانی بەنداو و پرۆژەکانی ئاودێریی ئێران، رێژەی ئاوی هاتوو بۆ عێراق لە (٦ م٣ /چ) بۆ (٣ م٣/چ) کەمبووەتەوە، کە ئەمەش زیانێکی زۆری بە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی عێراق گەیاندووە.[١٠٣]

ئەم هەنگاوانەی ئێران لە رێڕەوی ئاویی سیروان، پێچەوانەی بەندی (٢/بڕگە ج)ە لە رێککەوتنی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥، کە باس لە دابەشکردنی ئاوی ئەم رووبارە دەکات بە یەکسانی. هەروا سەبارەت بە رووباری ئەڵوەندیش، ئەم رەفتارەی ئێران پێچەوانەی بەندی (٢/ بڕگە ب) لە هەمان رێککەوتنە، کە باس لە بەکارهێنانی رووباری ئەڵوەند دەکات بەپێی نەریت و کۆنووسەکانی کۆمیتەی دیاریکردنی سنووری ئێران و عوسمانی لە ساڵی ١٩١٤. سەبارەت بە رووباری قۆرەتووش، هەڵسوکەوتەکانی ئێران پێچەوانەی بەندی (٢/ بڕگە أ)ە لە رێککەوتنی ئاماژەپێکراو، کە باس لە دابەشکردنی ئەم رووبارە دەکات بە نیوەیی. بەڵام ئێران، بە کردەیی پابەند نەبووە بەو رێژەیە و تەنانەت هەندێ ساڵ رووبارەکەشی بە تەواویی وشککردووە.[١٠٤] هەروەها رەفتارەکانی ئێران، جگە لەوەی پێچەوانەی نەریتی نێودەوڵەتی و بنەماکانی بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکانە، لە هەمان کاتیشدا

---

[١٠١] عطاءالله عبدی و حسین مختاری، نگاهی به فرصتها و تهدیدهای هیدروپولیتیك ایران، مجموعه مقالات دومین کنگره انجمن ژئوپولیتیك ایران، تهران، دیماه ١٣٨٤ ه.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٢٤٤.

[١٠٢] طالب حسن اسماعیل، المصدر السابق، ص ٢.

[١٠٣] د.سلیمان عبدالله اسماعیل، المصدر السابق، ص ٢٢٩.

[١٠٤] اتفاق بین العراق و ایران متعلق باستثمار مجاري الماء الحدودیة ، لسنة ١٩٧٥، المادة (٢).

پێچەوانەی بەندی (٥)ە لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەولەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧، کە جەخت لەسەر کەڵك وەرگرتن و بەشداریی دادگەرانە و گونجاو دەکات لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان. ئێران بە هیچ شێوەیەك پابەند نەبووە بەم بنەمایە و ڕێزی لە پشك و ماف و بەرژەوەندییەکانی عێراق نەگرتووە لەم ڕێڕەوە ئاوییەدا.[١٠٥]

بەمجۆرە دەردەکەوێ، کە ئێران بە حوکمی باڵادەستی جوگرافی خۆی، ڕێڕەوی ئاویی سیروانی بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە بەکاردەهێنێ، بە بێ ئەوەی پابەند بێت بە ڕێککەوتننامە دووقۆڵی و نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی کەڵك وەرگرتن لە ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، کە ئەمەش بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئەم دەوڵەتە. لە بەرامبەر بەجێ نەگەیاندن و خۆدزینەوەی ئێران لەئەرکە نێودەوڵەتییەکان، بەپێی ڕێککەوتنی دووقۆڵی و نێودەوڵەتی، هەروەها بەپێی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، کە لە باسی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، عێراق دەتوانێ داوا لە ئێران بکات واز بهێنێ لە بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی ڕێڕەوی ئاویی سیروان، یا خود داوای گەڕاندنەوەی راستینە بکات، واتە دۆخەکە بۆ پێش ئەو پێشێلکارییانە بگەڕێنێتەوە و پابەندییەکانی خۆی لەمبارەیەوە بە جێ بگەیەنێ. ئەگەر ئێران، پابەندییەکانی خۆی بە جێ نەگەیاند، ئەوا عێراق وەك مافی خۆی دەتوانێ ڕێوشوێنی دژبەر بگرێتەبەر یا داوای قەرەبووی دارایی بکات لەو زیانانەی، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی ئەم ڕێڕەو ئاوییە پێی دەگات.

## لقی دووەم

## هۆکار بۆ گەیاندنی زیانی بایەخدار بە عێراق

هەروەك لە بەشی یەکەم خستمانەڕوو، ئێران هەڵساوە بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك پرۆژەی ئاویی جۆراوجۆر، وەك بەنداو و تونێلی گواستنەوەی ئاو لەسەر ڕووبارەکانی سیروان، ئەڵوەند و قۆرەتوو بە بێ راوێژ، گفتوگۆ و وەرگرتنی

---

[١٠٥] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية لسنة ١٩٩٧، المادة (٥).

ڕەزامەندیی عێراق، کە ئەمەش بووەتە هۆی بڕین، کەمکردنەوە و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەم ڕووبارانە و لە ئەنجامدا بە هۆی ئەم ڕەفتارانەی ئێرانەوە، عێراق زیانێکی زۆری بەرکەوتووە.

گەیاندنی زیان دوو شێوەی هەیە، یەکەم، گۆڕینی چەندایەتی ئاو، کە بە گۆڕینی ڕێڕەو و دروستکردنی بەنداو دێتەدی و دەبێتە هۆی کەمبوونی پشکی ئاوی دەوڵەتانیتر، دووەم، گۆڕینی جۆرایەتی ئاو، کە بە هۆی پیسبوون یا سوێربوونی ئاوی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی دروست دەبێ.[١٠٦] گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووباری سیروان و کەمبوونەوەی ئاوەکەی، بووەتە هۆی وشکبوونی (٨٠٪) لە زەوی کشتوکاڵی و (٢٥٪) لە باخ و بێستانەکانی عێراق لە پارێزگاکانی سلێمانی و دیالە و بە بیابانبوونی[١٠٧] بەرەبەرەی ئەو ناوچانە، هەروا پیسبوونی ئاوی ئەو ڕووبارە و لقەکانی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێ و مادە ترسناکەکانیتر لە ناو ئاوەکەی وەك کبریت، بە جۆرێك، کە ئەم ئاوە نەك بۆ بەکارهێنانی مرۆیی، بەڵکوو بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵیش شیاو نیە. ئەم ڕەفتارانەی ئێران، زیانێکی زۆری بە ژینگەی عێراق گەیاندووە لەو ناوچانەی، کە ڕێڕەوی ئاویی سیروانی پێدا تێپەڕدەبێ. هەروەها کەمبوونەوەی ئاوی سیروان کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە بە ڕێژەی (١٥-٢٠٪)، کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی کاریگەریی هەبووە لەسەر وشکبوونی ئەهوارەکانی باشووری عێراق.[١٠٨]

بەپێی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە وێستگەی پاڵنگان لە ئێران لەسەر ئاوی ڕووباری سیروان ئەنجامدراون، ڕێژەی نیترات و کولور لەم ڕووبارە لە ڕێژەی ستانداردی جیهانی بەرزترە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زێرابی شاری سنە، پاشەڕۆی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی و پەینی کیمیایی کشتوکاڵی

---

[١٠٦] أركان حميد جديع، المصدر السابق، ص ١٣٦.

[١٠٧] دیاردەی بە بیابانبوون زیانێکی زۆر بە ژینگە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وەك زەوی، ئاو، گژوگیا، ئاژەڵ و مرۆڤ دەگەیەنێ و کاریگەریی هەیە لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی خۆراك و کشتوکاڵ و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەژاریی، بەدخۆراکی، برسێتی، تاوان و ناسەقامگیریی ناوخۆیی.

[١٠٨] مسؤولون: نهر ديالى متوقف عن الجريان الانسيابي منذ ١٠سنوات و يواجه خطر الاندثار، المصدر السابق، ص ٤. هەروەها رحيم الموسوي و مصطفى الموسوي، المصدر السابق، ص ٢٦.

دەڕژێنە ناو ڕووباری سیروان.[١٠٩] جگە لەمەش، بە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی سیروان لە تەمووزی ١٩٩٩، ئاستی ئاوی دیجلە بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزی، کە بە یەك مەتر مەزەندە دەکرا و لە ئەنجامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی حاڵەتی ژەهراویی بوون لە ناو دانیشتووانی پارێزگاکانی واست و میسان و ڕووداوی مردن لەناو منداڵاندا. هەروەها دابەزینی لە ناکاوی ئاستی ئاوەکە، بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێ بە شێوەیەکی بەرچاو و تێکچوونی ئاوی خواردنەوە لە روستەمیە (لە باشووری بەغداد و شوێنی بەیەکگەیشتنی سیروان و دیجلە).[١١٠]

سەبارەت بە ڕووباری ئەڵوەندیش، ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە هەڵساوە بە گۆڕینی ڕێڕەوی ئەم ڕووبارە، کە ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی (٨٠٪) ڕێژەی ئاوەکەی لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو. لە ئەنجامدا، (١٦٠٠) دۆنم لە بێستانەکان و (٥٠٠٠) دۆنم لە کێڵگەکانی پارێزگای دیالە زیانیان پێگەیشت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەبیابانبوونی (٦٠٪) زەویوزارەکانی قەزای خانەقین. هەروا سەبارەت بە ڕووباری قۆرەتووش، ئێران هەڵساوە بە دروستکردنی چەند بەنداوێکی بچووك لەسەر ئەم ڕووبارە، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ئەم ڕووبارە و تەنانەت وشکبوونی لە هەندێ ساڵدا.[١١١] لە هاوینی ساڵی ٢٠١٢، ئێران جارێکیتر هەڵسا بە وشککردنی ئاوی ڕووباری قۆرەتوو و گوندنشینەکانی ناحیەی قۆرەتووی قەزای خانەقینی تووشی گرفتی کەمئاوی کردەوە.[١١٢]

سەنتەری جیهانیی توێژینەوەکانی گەشەکردن، کە ناوەندەکەی لە لەندەنە لە ڕاپۆرتێکیدا، کە لە ناوەڕاستی تەمووزی ٢٠١٢ بڵاوی کردەوە، هۆشدارییدا لە دروستبوونی کارەساتێکی ژینگەیی گەورە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و باشووری

---

[١٠٩] ارسطو مینوییی و ئەوانیتر، بررسی کیفی رودخانه سیروان در استان کردستان، مجموعه مقالات اولین کنفرانس بین المللی مدیریت منابع آب ایران، دانشگاه صنعتی شاهرود، ١٣٨٨ هـ. ش (٢٠٠٩ ز)، صص ٤-٥.

[١١٠] د.سالم محمد عبود و د.زياد محمد عبود، صناعة العطش ومستقبليات حرب المياه دراسة في الوطن العربي والعراق، دار الدكتور للعلوم، بغداد، ٢٠١٣، ص ٣١٤.

[١١١] د.احمد عمر الراوي، المصدر السابق، ص ٢٢.

[١١٢] حکومەتی ئێران پێشی بە ئاوی ڕووباری قۆرەتووش بۆ خانەقین گرت، سەرچاوەی پێشوو.

عێراق، ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە گرتنەوەی ئاوی رووبارەکانی عێراق، لەوانەش رووباری ئەڵوەند و ئەمە دەبێتە هۆی لەناوچوونی (١٠%)ی زەوییە بەپیتەکانی عێراق و پەرتەوازەبوونی دانیشتووانی ئەو گوندانە، بەهۆی لە دەستچوونی زەویوزارەکانیان. هەروا دەبێتە هۆی دابەزینی ژمارەیەك لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە رێژەیەکی زۆر، کە لە هەندێ ساڵدا دەگاتە (٨٠%) لە گەڵ دابەزینی چۆنایەتی ئەم بەرهەمانە.[١١٣] ئەو سەنتەرە زیادی دەکات و دەڵێ: بەهۆی ناردنی ئاوی پاشەڕۆ لە لایەن ئێرانەوە، سامانی ماسی عێراق لەناو دەچێت و کەشوهەوای سروشتی ژینگەی هەندێ لە ناوچەکان دەگۆڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کۆچکردنی چەندین جۆری باڵندە و سەرهەڵدانی هەندێك مار و مێرووی وا، کە هێرش دەکەنە سەر کێڵگە و ناوچەکانی نیشتەجێبوون و لەناوچوونی ژمارەیەك لەو ئاژەڵانەی، کە جووتیاران پێی دەژین.[١١٤]

ئەم هەڵسوکەوتەی ئێران پێچەوانەی بەندی (٥)ی رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥- ی لە نێوان عێراق و ئێرانە، کە باس لەوە دەکات، نابێ هەردوولا ئەو رێڕەوە ئاوییە هاوسنوور و یەك لەدوای یەکانە بەجۆرێکی وا بەکار بهێنن، کە زیان بە بەرژەوەندیی لایەنەکەیتر بگەیەنن.[١١٥] جگە لەمەش، پێشێلکارییەکی زەقی بەندی (٧)ی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧-ە، کە باس لەوە دەکات، دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی دەبێ لە کاتی کەڵك وەرگرتن لەو رێڕەوانە، رێوشوێنێکی وا بگرنەبەر، کە زیانی بایەخدار بە دەوڵەتانی دیکەی رێڕەوی ئاویی نەگەیەنن. ئەگەر هات و زیانێکی لەجۆرە لە لایەن یەکێك لە دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی روویدا، ئەوا لە حاڵەتی نەبوونی رێککەوتن، ئەو دەوڵەتەی کە بووەتە هۆکاری زیان، بە راوێژ لە گەڵ دەوڵەتی زیان لێکەوتوو، هەموو رێوشوێنێکی شیاو دەگرێتەبەر بۆ نەهێشتن یا سووککردنی ئەم زیانە و بەپێی شیاوێتی باس لە پرسی قەرەبوو دەکرێت. هەروا

---

[١١٣] جاسم الشمري، المصدر السابق.

[١١٤] الوند: مشروع تصحّر جديد، المصدر السابق.

[١١٥] اتفاق بين العراق و ايران متعلق باستثمار مجاري الماء الحدودية ، لسنة ١٩٧٥، المادة (٥).

ئەم ڕەفتارانەی ئێران، بە ناردنی ئاوی سوێر و پاشەڕۆ بۆ عێراق، زیانی بە تەندروستی مرۆیی و ژینگەیی ئەم وڵاتە گەیاندووە، کە ئەمەش پێچەوانەی بەندی (٢١/ب ١)ی هەمان ڕێککەوتنە، کە باس لە قەدەغەکردن، کەمکردنەوە و نەهێشتنی پیسبوونی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی دەکات. بەپێی بڕگەی (٢)ی هەمان بەند، دەوڵەتانی ڕێڕەو بە تەنیا یا پێکەوە، هەڵدەستن بە قەدەغەکردن، کەمکردنەوە و نەهێشتنی پیسبوونی ڕێڕەوی ئاویی، کە لەوانەیە زیانێکی گرنگ بە دەوڵەتانیتری ڕێڕەو یا ژینگەیان بگەیەنێ.[١١٦]

بۆمان دەرکەوت، ئێران ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لەو ڕێککەوتننامانە بە جێ نەگەیاندووە، کە ئاماژەمان پێکرد، ئەمەش بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئەو وڵاتە لەو زیانانەی، کە بە عێراقی دەگەیەنێت. هەروەك لە لقی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، عێراق دەتوانێ داوا لە ئێران بکات، واز بهێنێ لە دروستکردنی بەنداوەکانی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان و گۆڕینی ئەو ڕێڕەوە، یا خود داوای گەڕاندنەوەی راستینە بکات، واتە دۆخەکە بۆ پێش ئەو پێشێلکارییانە بگەڕێنێتەوە و ئەرکەکانی خۆی لەمبارەیەوە بە جێ بگەیەنێ. ئەگەر ئێران ئەرکەکانی خۆی بە جێ نەگەیاند، ئەوا عێراق وەك مافی خۆی، دەتوانێ ڕێوشوێنی دژبەر بگرێتەبەر یا داوای قەرەبووی دارایی بکات لەو زیانانەی پێی دەگات.

## لقی سێیەم

## پابەند نەبوون بە بنەمای هاوکاری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و ئاگادارکردنەوە

سەرەڕای بەردەوامیی ئێران لە ڕەفتارەکانی خۆی بۆ وشککردنی ئاوی ئەم رووبارانە، هەتا ئێستا هیچ کاردانەوەیەکی فەرمی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە نەبینراوە. باسکردن لە هاوکاریی و هاوئاهەنگی لە نێوان هەردوو حکومەتی

---

[١١٦] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المواد (٧) و (٢١).

عێراق و ئێران تەنیا قسەیە و ئەوەی پەیوەندیی بە لایەنی ئێرانییەوە هەیە، هاوکاریی تەنیا بریتییە لە ئاڵوگۆڕی سەردانەکان و عێراق هەستی بە هیچ گۆڕانێك نەکردووە لە سیاسەتەکانی ئێران، بۆ ریگریی کردن لەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی وشکبوونی رووباری سیروان.[١١٧] هەروەك باسمانکرد، ئێران چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری لەسەر رووباری سیروان و لقەکانی ئەنجامداوە، کە زیانیان بە عێراق گەیاندووە، بە بێ ئەوەی پابەند بێت بە بنەماکانی هاوکاریی و ئاگادارکردنەوەی عێراق. لەم بارەیەوە ئێران، راوێژ و گفتوگۆی لە گەڵ عێراق ئەنجامنەداوە و رەزامەندیی پێشوەختی ئەم وڵاتەی وەرنەگرتووە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە. ئەمەش پێچەوانەی بەندی (٣) لە رێککەوتنی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە لە ساڵی ١٩٧٥، کە ئێران پابەند دەکات، بە دروستکردنی کۆمیتەیەکی تەکنیکی هەمیشەیی هاوبەش بۆ توێژینەوە لە کاروباری تەکنیکی رووبارە هاوبەش و یەك لەدوای یەکەکان و دروستکردنی پرۆژە و دامودەزگا لەسەریان. هەروەها پێچەوانەی بەندی (٧) لە یادداشتی لێکگەیشتنی هەردوو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٢، بۆ پێکهێنانی تیمی کاری هاوبەش بۆ هاوکاریی کردن لە بواری ئاوەکان.[١١٨] جگە لەمەش، پێشێلکردنی ئاشکرای بەندەکانی (٨- ١٨)ی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧-ە، کە دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی پابەند دەکات بە بنەمای هاوکاریی، ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، ئاگادارکردنەوە و راوێژ و گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژانەی، کە هەر یەك لە دەوڵەتانی رێڕەو ئەنجامی دەدەن و زیان بە دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو دەگەیەنێت.[١١٩] هەربۆیە ئێران، بەهۆی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییەکانی لەو رێککەوتنانە، بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ لەم بوارەدا. سەبارەت

---

[١١٧] علاء اللامي، المصدر السابق، ص ٩٠.

[١١٨] اتفاق بين العراق و ايران متعلق باستثمار مجاري الماء الحدودية ، لسنة ١٩٧٥، المادة (٣). مذكرة تفاهم بين وزارة الموارد المائية في جمهورية العراق و وزارة الطاقة في الجمهورية الاسلامية الايرانية، لسنة ٢٠١٢، المادة (٧).

[١١٩] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المواد (٨- ١٨).

بەم خاڵەش، پابەندیی و مافەکانی ئێران و عێراق، هەمان ئەو پابەندیی و مافانەن، کە لە خاڵەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکرد و بۆ دووبارە نەبوونەوە ئاماژەیان پێ ناکەین.

## لقی چوارەم
## ڕێزنەگرتن لە مافی وەدەستهاتووی عێراق لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان

عێراق بۆ داواکردنی مافەکانی لە رووبارە سنوورییە هاوبەشەکان لە گەڵ ئێران، پشت بە بنەمای مافی وەدەستهاتوو دەبەستێ، چونکە هەردوو لایەنی عوسمانی و فارسی لە کاتی دیاریکردنی سنوور، لەسەر بنەمای ئەو مافانەی، کە جووتیارانی هەردوو وڵات هەر لە کۆنەوە پەیڕەویان کردووە ئاوی ئەم رووبارانەیان دابەشکردووە.[١٢٠] بێگومان، مافە مێژووییەکانی عێراق لە ئاوی ئەم رووبارە سنوورییە هاوبەشانە روونە، چونکە دانیشتووانی حەوزی ئەو رووبارانە کەڵکیان لێوەرگرتووە و لەسەر بنەمای ئەو مافە، عێراق رێژەیەکی سەقامگیر لە ئاوی ئەو رووبارانەی بەردەکەوێ، بەجۆرێك، کە ناکرێ هەڵسوکەوتی (تصرف) پێوە بکرێت یا ڕێڕەوی رووبارەکە بوەستێندرێ یا بگۆڕدرێ یا بە شێوەیەك بەکاربێت، کە زیان بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بگەیەنێ یا خود رێگر بێت لە کەڵك وەرگرتنی شیاو لە ئاوی ئەو رووبارانە. ئەو دەستدرێژییانەی کراونەتە سەر ئەم رووبارانە نایاسایین و بوونەتە هۆی ئەوەی زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندییەکانی عێراق بگات، هەر لە زیان گەیاندن بە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە بگرە، هەتا کەمبوونەوەی ئاو بۆ خواردنەوە و پێداویستییە مرۆییەکان و کۆچکردنی دانیشتووانی ناوچە زیان لێکەوتووەکان.[١٢١] هەربۆیە ئەم رەفتارە نایاساییانەی ئێران، زیانێکی زۆری بە ئابووریی عێراق گەیاندووە، سەرەڕای ئەوەی عێراق لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان داوای مافە وەدەستهاتووەکانی خۆی کردووە لە ئاوی ئەم

---

[١٢٠] د.خالد العزي، مشكلة الأنهار الحدودية المشتركة بين العراق و ايران، المصدر السابق، ص ١٠٦.

[١٢١] عباس علي التميمي، المصدر السابق، ص ٣٦٧.

رووبارانە.[١٢٢] هەروەك دیارە هەڵوێستی ئێران ئەوەیە، کە بە تەواویی دەست بەسەر هەموو مافە ئاوییەکانی عێراقدا بگرێ، بە بێ ئەوەی ڕێز لە دەقی ئەو ڕێککەوتننامە و کۆنووسانە بگرێ، کە لە گەڵ عێراقدا واژۆی کردوون یا خود ڕەچاوی ئەو ڕێککەوتننامە و نەریتە نێودەوڵەتیانە بکات، کە حوکمی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن و لە نێویشیاندا ڕێڕەوی ئاویی سیروان.[١٢٣]

هەروەك لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، مافی وەدەستهاتوو مافێکی سروشتی و مێژووییە و هەر یەك لە دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی ئەم مافەیان بۆ دەسەلمێت، بەپێی نەریتی نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی کۆن و بەردەوامیی ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان. هەروا لە لایەن دادوەریی و یاسازانیی نێودەوڵەتییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەك لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی مەدرید لە ١٩١١ و سالزبورگ لە ١٩٦١ و...هتد ئاماژەی پێکراوە.[١٢٤] ئەم بنەمایە لە بەندی (٢/ بڕگەی ب) لە ڕێککەوتنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێرانیش ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر سەیری ڕێڕەوی ئاویی سیروان و لقەکانی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە دانیشتووانی حەوزی ئەم ڕێڕەوانە هەر لە دێرزەمانەوە ئاوی ئەم ڕێڕەوانەیان بۆ مەبەستی کشتوکاڵی، خواردنەوە و ...هتد بەکارهێناوە، بە بێ نارەزایی لایەنی بەرامبەر، کە ئەمەش مافی وەدەستهاتووی عێراق لەم ڕێڕەوانەدا دەسەلمێنێ. لێرەدا ئێران بەگوێرەی ڕێککەوتننامە و نەریتی نێودەوڵەتی و بنەما گشتییەکانی یاسا، پابەندییەکانی خۆی بە جێ نەگەیاندووە بۆ ڕێزگرتن لە مافی وەدەستهاتووی عێراق لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، هەربۆیە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی بەو جۆرەی، کە لە خاڵەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد.

---

[١٢٢] يحيى حسن جديع، المصدر السابق، ص ١٢٣.

[١٢٣] محمد بديوي الشمري، التعطيش السياسي: تفصيل في مسألة المياه في العراق، ط ١، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١، ص ٧٩.

[١٢٤] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، صص ٤٣-٤٤.

## لقی پێنجەم

## پێشێلکردنی بنەماکانی دراوسێتی باش و نیازپاکی

بنەمای دراوسێتی باش بە یەکێك لە بنەما چەسپاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە قەڵەمدەدرێ، کە لە دیباجە و بەندی (٧٤) لە چارتی (UN) و بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە. جگە لەمەش، لە بەندی (٨)ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، پێشەکی ڕێککەوتننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە نێوان عێراق و ئێران لە ١٩٧٥ و ڕێککەوتنی عێراق و ئێران دەربارەی سوودوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان لە ١٩٧٥ باسی لێوە کراوە. هەروا بنەمای نیازپاکی، یەکێکە لەو بنەمایانەی، کە دەوڵەتانی جیهان دانیان پێداناوە و پاشان چووەتە بواری یاسای نێودەوڵەتییەوە و لە بەندی (دووەم/ب٢) لە چارتی (UN)، بەندەکانی (٢٦) و (٢٧) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیمانەکان لە ساڵی ١٩٦٩ و بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی پێکراوە.[١٢٥]

ئەم دوو بنەمایە ئەمڕۆ وەك دوو بنەمای چەسپاوی یاسای نێودەوڵەتی لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و ئێران ڕەنگی داوەتەوە. ئێران لە هەڵسوکەوتەکانی لە گەڵ عێراق لە بواری ڕێڕەوی ئاویی سیروان بە روونی ئەم دوو بنەمایەی پێشێل کردووە و بنەماکانی دراوسێتی باش و نیازپاکی ڕەچاو نەکردووە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایری ساڵی ١٩٧٥ و پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەپێی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧، هەربۆیە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی، سەبارەت بە پابەندنەبوونی بە بنەماکانی دراوسێتی باش و نیازپاکی لەم بوارەدا. ئەمەش ماف بە عێراق دەدات ڕێوشوێنی دژبەر بگرێتەبەر بەرامبەر بە ئێران بە پێی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.

---

[١٢٥] ميثاق الامم المتحدة عام ١٩٤٥، المادة (٧٤). الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادة (٨). اتفاقية فيينا للمعاهدات عام ١٩٦٩، المواد (٢٦-٢٧).

**پاش ئەوەی روونمان کردەوە، کە ئێران ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بە ڕێڕەوی ئاویی سیروان بەرامبەر بە عێراق بەجێ نەگەیاندووە، بۆمان دەرکەوت، هەڵسوکەوتەکانی ئێران لەم بارەیەوە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانەیە، کە پێشتر لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کراوە. هەروەها پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لەساڵی ١٩٩٧ و نەریتی نێودەوڵەتی و بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و بنەمای داد و ئینسافە. جگە لەمەش ئەو ڕێسایانە، کە بەکارهێنان و کەڵك وەرگرتنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخەن، پێویستە خاوەن سروشتێکی فەرمانکەر بن. بەجۆرێك، کە دەوڵەتەکان نەتوانن بەپێچەوانەی ڕێك بکەون و هەرجۆرە سەرپێچی کردنێك لەم ڕێسایانە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بخاتە ئەستۆی دەوڵەتی سەرپێچیکار و ڕێگا خۆش بکات بۆ دەست تێوەردانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.**

## باسی سێیەم

# ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە نێوان عێراق و ئێران

لە باسی یەکەم و دووەمی ئەم بەشە، باسمان لە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و بەجێ نەگەیاندنی پابەندیە نێودەوڵەتییەکانی ئێران کرد لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، کە بووەتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان هەردوو وڵاتدا. لەم باسەدا، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و ئێران، ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە دەخەینەڕوو. ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێکە لەو ناکۆکییە نێودەوڵەتییە گرنگانە، کە کێشە لە نێوان دەوڵەتاندا دروست دەکات و زۆر جاریش بووەتە هۆی پێکدادانی چەکداریی لە نێوان دەوڵەتانی دراوسێدا.[١٢٦]

بەندی (٢) لە چارتی (UN) باس لە قەدەغە کردنی بەکارهێنانی هێز دەکات، وەك بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەندام رادەسپێرێت، کە لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی پەنا بۆ ڕێگاچارەی ئاشتیانە ببەن.[١٢٧] بەندی (٣٣) لە چارتی (UN) ئەوەی لەسەر دەوڵەتانی ئەندام سەپاندووە، لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەك، کە ئاشتی و ئاسایشی نێوەوڵەتی دەخاتە

---

[١٢٦] نموونەی بەرچاوی یەکێك لەو جەنگانە، جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێرانە لە ١٩٨٠-١٩٨٨، کە بەپێی وتەکانی سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق لە ١٧/٩/١٩٨٠ لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گێڕانەوەی سەروەریی ڕەهای عێراق بووە بۆ سەر ڕووباری شەتولعەرەب، پاش ئەوەی هەردوو وڵات بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر ڕێککەوتن لەسەر دانانی هێڵی تالوەگ وەك هێڵی سنووریی نێوان هەردوو وڵات لەو ڕووبارەدا.

127. William E.Butler, The Non-Use of Force in International Law, Martinus Nijhoff Publishers, Dordrecht, 1989, p.39.

**مەترسییەوە، ئەوا بە یەکێك لە ڕێگاکانی دانوستان، لێکۆڵینەوە، نێوانگیریی، سازاندن، ناوبژیکاریی و دادوەریی یا پەنابردنە بەر یەکێك لە ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان یا ئامرازی ئاشتیانەی دیکە چارەسەری بکەن.**[١٢٨]
**هەروەها ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧، لە بەندی (٣٣/ب١) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی لە ڕاڤەکردن یا پیادەکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەوا لایەنە ناکۆکەکان پەنا ببەنە بەر ئامرازی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.**[١٢٩]

**پێش ئەوەی باس لە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بکەین، واباشە پێناسەی ناکۆکی نێودەوڵەتی بکەین. دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد، لە کێشەی ماڤرۆماتیس (Mavromatis) لە ساڵی٣٠/٨/ ١٩٢٤ بەمجۆرە پێناسەی ناکۆکی نێودەوڵەتی**[١٣٠] **دەکات: "ناکۆکی نێوان دوو دەوڵەتە لەسەر پرسێکی یاسایی یا ڕووداوێکی دیاریکراو، یا خود بە هۆی دژایەتییە لە دیدگای یاسایی و بەرژەوەندییەکانیان".**[١٣١]

---

[١٢٨] د.اسداله نوری، روشهای حقوقی حل و فصل اختلافات بین المللی، جزوه درسی کارشناسی ارشد حقوق بین الملل، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران شمال، سالتحصیلی ٨٩- ٩٠، ص ٢. هەروەها حسین ارجینی، المصدر السابق، ص ٣٠. هەروەها د.محمد حافظ غانم، مبادئ القانون الدولي العام: دراسة لضوابطه الاصولية و لاحكامه العامة، ص ٤٨٠. هەروەها: Hans Kelsen, op.cit, p.512.

[١٢٩] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المادة (٣٣/ف ١).

[١٣٠] لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی ناکۆکی نێودەوڵەتی بۆ سەر دووجۆری سیاسی و یاسایی دابەش دەکرێ و بەهۆی پێشکەوتنە زانستییەکان جۆرێکیتر بە ناوی ناکۆکی تەکنیکی دروست بووە، بەڵام چونکە ئەم بابەتە مەبەستی باسەکەی ئێمە نیە، بۆیە بە باشمانزانی نەڕۆینە ناو ئەو مشتومڕە یاسازانییەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ ئەم سەرچاوانە: د.جابر ابراهيم الراوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق. هەروەها د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، ط ١، دارالقادسية، بغداد، ١٩٨٦.

[١٣١] د.رضا موسی زاده، بایستەهای حقوق بین المللی عمومی (٢-١)، چ ١، نشر میزان، تهران، ١٣٨٠ ه.ش (٢٠٠١ ز)، ص ٣٥٩. هەروەها حسین ارجینی، راه حلهای سیاسی حل و فصل اختلافات

هەروەها د.سوهەیل حوسێن ئەلفەتلاوی بەمجۆرە پێناسەی دەکات: "داواکاریی دژبەیەکی نێوان دوو کەس یا زیاترە لە سوبێکتەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە داوا دەکەن بەپێی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێت".[١٣٢] ئەم پێناسەیە بە لامانەوە پەسندترە، چونکە هەموو سوبێکتەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دەگرێتەوە و تەنها لە دەوڵەتدا چڕی نەکردۆتەوە. هەروەها جۆری داواکانیشی دیاریی نەکردووە و بە شێوەیەکی گشتی باسی لێوە کردووە و دەتوانێ داوای یاسایی، سیاسی و...هتد بگرێتەوە، بەو مەرجەی شیاوی چارەسەرکردن بن لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا.

ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەرن بۆ زیاتربوونی گرژی لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە داهاتوودا، چونکە ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بۆ باشتر بەکارهێنانی ئاوی ئەم ڕێڕەوانە دەبنە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرژەوەندییە جۆراوجۆر و لێك ئاڵۆزاوەکان.[١٣٣] هەروەها بەندی (٨) لە دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ باس لەوە دەکات، کە عێراق وێڕای لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دراوسێتی باش، پابەندە بە دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانیتر و لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی هەوڵدەدات بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەری بکات و ڕێز لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی بگرێ.[١٣٤] بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم پرسە، باسەکەمان بەسەر دوو مەبەستدا دابەش دەکەین. لە مەبەستی یەکەم، ئامرازە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینەڕوو. لە مەبەستی دووەم، ئاماژە بە ئامرازە دادوەرییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان وپیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین.

---

بين المللى، مجله معرفت، مؤسسه آموزشى و پژوهشى امام خمينى، قم، شماره (٧٠)، ١٣٨٢ هـ.ش (٢٠٠٣ ز)، ص ٣٠.

[١٣٢] د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٢٥.

[١٣٣] د.عزالدين علي الخيرو، الفرات والقانون الدولى، المصدر السابق، ص ٣٩.

[١٣٤] الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادة (٨).

## مەبەستی یەکەم

## ئامرازە سیاسییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

لەم مەبەستەدا ئامرازە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە چەند لقێکدا دەخەینەڕوو. لە لقی یەکەم باس لە دانوستان (المفاوضات) دەکەین، لە لقی دووەم ئاماژە بە هەوڵی چاکەخوازیی (المساعي الحميدة) دەکەین، لقی سێیەم تەرخان دەکەین بۆ نێوانگیریی (الوساطة)، لە لقی چوارەم تیشك دەخەینە سەر لێکۆڵینەوە (التحقيق)، لە لقی پێنجەم باس لە سازاندن (التوفيق) دەکەین، لقی شەشەم تەرخانە بۆ کۆمیتە تێکەڵاوەکان (اللجان المختلطة) و لە لقی حەوتەمیش باس لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا.

### لقی یەکەم

### دانوستان

مەبەست لە دانوستان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیە لە نێوان دوو دەوڵەتی ناکۆك یا زیاتر، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە ڕێگای ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ و دۆستانە بەهۆی کەناڵە دیپلۆماسییە ڕاستەوخۆکانەوە.[١٣٥] دانوستان سەرەکیترین و باوترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، کە دادگای نێودەوڵەتی داد بە شێوازێکی دۆستانە و ڕاستەوخۆ ناوی لێدەبات و لەسەر ئاستی جیهاندا پەسند کراوە. هەروا ڕاگەیەندراوی مانیلا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٨٢، دوو تایبەتمەندیی بۆ گفتوگۆ دەخاتەڕوو، کە بریتین لە: نەرمی نواندن و

---

[١٣٥] د.صالح يحيى الشاعري، تسوية النزاعات الدولية سلمياً، ط ١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٢٨. هەروەها د.مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، صص ٩٣- ٩٤.

کاریگەربوون.[١٣٦] ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ لە بەندی (٣٣/ب ٢) داوا لە لایەنە ناکۆکەکان دەکات، ڕێگای دانوستان بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.[١٣٧] پرسی سەرچاوە ئاوییەکان لە نێوان عێراق و ئێران یەك لەو گرفتانەیە، کە پێویستە بە ڕێگای دانوستان چارەسەر بکرێ، پاش ئەو جەنگە درێژخایەن و خوێناوییە، کە لە نێوان هەردوولا ڕوویاندا.[١٣٨] هەروەك پێشتر باسمانکرد ڕێککەوتنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان لە نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ لە بەندی (٦) ئاماژە بەوە دەکات، لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەك لە ڕاڤەکردن یا پیادەکردنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوا هەردوولا بەپێی ئەحکامی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، کە لە بەندی (٦)ی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ داهاتووە چارەسەری دەکەن.[١٣٩] ئەگەر بۆ پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥ بگەڕێینەوە، دەبینین لە بەندی (٦/ بڕگەی ١ و ٢) باس لەوە دەکات، لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەك لەسەر ڕاڤەکردن یا پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە و هەر سێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی، ئەوا سەرەتا پەنا دەبرێتە بەر دانوستانی دووقۆڵیی ڕاستەوخۆ لە ماوەی دوو مانگ لە ڕێکەوتی داواکردنی یەکێك لە لایەنەکان.[١٤٠]

---

[١٣٦] د.رضا موسی زادە، پیشین، ص ٣٦١. هەرەها پیار ـ ماری دوپوی، المصدر السابق، ص ٥٩٤.

[١٣٧] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، الماده (٣٣/ف٢).

[١٣٨] أحمد السيد النجار، الموارد المائية في البلدان العربية: إشكالية الندرة وإدارة الشراكة مع دول الجوار، تقرير الاتجاهات الاقتصادية الاستراتيجية ٢٠٠٥، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٢٩٥.

[١٣٩] اتفاق بين العراق و ايران متعلق باستثمار مجاري الماء الحدودية، المادة (٦).

[١٤٠] د.سهيل حسين الفتلاوي، طرق استرداد الحقوق المغتصبة في القانون الدولي في ضوء النزاع العراقي الايراني، مجلة الحقوقي، جمعية الحقوقيين العراقيين، العددان الأول والثاني، السنة الثالثة عشر، بغداد، ص ٤٢.

بەمجۆرە بۆمان روون بووەوە، کە عێراق و ئێران بەپێی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و بەندی (٦) لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥ دەتوانن وەك هەنگاوی یەکەم پەنا ببەنە بەر دانوستانی دووقۆڵی راستەوخۆ. ئەگەر سەیری مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە هەردوو وڵات زۆر جار پەنایان بردۆتە بەر ئەم شێوازە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، لەوانەش کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، کە دوانموونەش دانوستانەکانی ١٣-١٦/٢/٢٠١٢ ی نێوان وەزیری سەچاوە ئاوییەکانی عێراق و وەزیری وزەی ئێران بوو، کە بووە هۆی واژۆکردنی یاداشتی لێکگەیشتن لە نێوان هەردوو وڵات.

## لقی دووەم

## هەوڵی چاکەخوازی

هەوڵی چاکەخوازی بریتییە لە کاری دۆستانە، کە لایەنێکی سێیەمی دۆستی هەردوو لایەن پێی هەڵدەستی بۆ هێورکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ناکۆك و دروستکردنی کەشوهەوایەکی زیاتر گونجاو بۆ دەست پێکردنەوەی دانوستانەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا.[١٤١] لە هەوڵی چاکەخوازیی، رۆڵی لایەنی سێیەم چارەسەرکردنی بنچ و بناوانی ناکۆکییەکە نیە و تەنها پێشنیاری ئەنجامدانی دانوستان و ڕەخساندنی زەمینەی دانوستان دەکات، پاش ئەنجامدانی دانوستان لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، هەوڵی چاکەخوازیی کۆتایی دێت. بە گشتی، لە هەوڵی چاکەخوازیی رۆڵی لایەنی سێیەم زۆر لاوازە.[١٤٢] دەرەنجامی هەوڵی چاکەخوازی لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە

---

[١٤١] د.عصام العطية، القانون الدولی العام، المصدر السابق، ص ٣٠٤. هەروەها حسین ارجینی، پیشین، ص ٣٢. هەروەها د.صالح یحیی الشاعري، المصدر السابق، ص ٤٨. هەروەها:
Charles G.Fenwick, International Law, Third Edition, Appleton-Century-Crofts,INC., New York, 1948, P.509.

[١٤٢] د.رضا موسی زادە، پیشین، ص ٣٦٩.

ویستی لایەنە ناکۆکەکان، چونکە لایەنی سێیەم هیچ هێزێکی نیە بۆ ناچارکردنی لایەنە ناکۆکەکان و ئەوان ئازادیی تەواویان هەیە بۆ کارکردن یا کارنەکردن بە پێشنیارەکانی لایەنی سێیەم. رێککەوتنی لاهای لە ساڵی ١٩٠٧ لە بەندەکانی (٢) و (٣) باسی لە هەوڵی چاکەخوازیی کردووە.[١٤٣] هەروەها لە بەندی (٦/ب ٣) لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران، باس لەوە دەکات، لە حاڵەتی شکستهێنانی دانوستانی راستەوخۆ، ئەوا لە ماوەی سێ مانگ پەنا دەبرێتە بەر هەوڵی چاکەخوازیی دەوڵەتی سێیەمی دۆست. پاش دەستپێکردنی جەنگی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی ١٩٨٠ چەندین هەوڵی چاکەخوازیی هاتنەئاراوە، وەك هەوڵی چاکە خوازیی (زیائەلحەق) سەرۆك كۆماری پاکستان، هەوڵی چاکە خوازیی (کورت ڤالدهایم) سکرتێری گشتی نەوتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری کۆنگرەی ئیسلامی لە کانوونی دووەمی ١٩٨١ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەك لە دەوڵەتانی ئیسلامی، بۆ هەڵسان بە هەوڵی چاکە خوازیی لە نێوان عێراق و ئێران.[١٤٤] هەروەها رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ لە بەندی (٣٣/ب ٢) باس لەوە دەکات، ئەگەر ناکۆکییەکان لە رێگای دانوستان چارەسەر نەکران، ئەوا لەسەر داوای یەکێك لە لایەنەکان دەکرێ پەنا ببرێتە بەر هەوڵی چاکەخوازیی بە هۆی لایەنی سێیەم یا هەر دامودەزگایەکی رێڕەوی ئاویی هاوبەش، کە لایەنەکان دروستیان کردووە.

---

[١٤٣] د.حسين عمر الشيخاني، الدبلوماسية وأهميتها كوسيلة لحل النزاعات الدولية سلمياً دراسة مقارنة بالشريعة الاسلامية، ب ط، مركز ابحاث القانون المقارن، اربيل، ٢٠٠٩، صص ١٢٣- ١٢٤.

[١٤٤] د.سهيل حسين الفتلاوي، طرق استرداد الحقوق المغتصبة في القانون الدولي في ضوء النزاع العراقي الايراني، المصدر السابق، صص ٤٣- ٤٤.

## لقی سێیەم
## نـێوانـگـیری

مەبەست لە نێوانگیری، هەوڵی لایەنێکی سێیەمە بۆ چارەسەکردنی ناکۆکی لە نێوان دوو دەوڵەتی ناکۆك و لایەنی سێیەم، دەتوانێ بەشدار بێت لە گفتوگۆکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و پێشنیار بکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.(١٤٥) هەمان ڕێساکانی هەوڵی چاکەخوازیی بەسەر نێوانگیرییدا دەچەسپێ، هەربۆیە لە ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٧ هەردووکیان لە چوارچێوەی یەك بەندا ڕێکخراون و جیاوازییەکەیان لە پلە و ئەندازەی ئەو جموجووڵەیە، کە لایەنی نێوانگیر پێی هەڵدەستێ.(١٤٦) ئامانجی نێوانگیریی فراوانترە، لایەنی نێوانگیر دەچێتە ناو گفتوگۆکان و پێشنیاری ڕێگاچارە دەکات بۆ ناکۆکییەکان، بەڵام هەوڵی چاکەخوازیی تەنها بە نزیککرنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆ کۆتایی دێت و ناچێتە ناو گفتوگۆکانەوە.(١٤٧) نێوانگیری ڕۆڵێکی باڵای هەیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان. ماوەیەکی دیاریکراو نیە بۆ سەرکەوتنی نێوانگیریی، ئەگەر بێت و ڕێککەوتنی پێشوەخت لەم بارەیەوە لە نێوان لایەنەکاندا نەبێت.(١٤٨)

---

(١٤٥) علی صباغیان، نقش میانجیگری در حل و فصل اختلافات بین المللی، پایان نامه كارشناسی ارشد پیوسته، دانشكده علوم سیاسی و معارف اسلامی دانشگاه امام صادق، تهران، ١٣٦٩ هـ.ش (١٩٩٠ ز)، ص ٣. هەروەها د.جابر ابراهيم الراوي، المنازعات الدولية، ط ٢، بغداد، ١٩٨٧، ص ٧٤.

(١٤٦) د.كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، بغداد، ١٩٨٧، ص ٤١٦. هەروەها د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٦٣.

(١٤٧) د.محمد سامي عبدالحميد و د.محمد سعيد الدقاق، القانون الدولي العام، ب ط، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص ٢٢١. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٣٠٤- ٣٠٥. هەروەها د.محمود واعظی، مبانی نظری میانجیگری در مناقشات بین المللی، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:

http://www.csr.ir/departments.aspx?lng=fa&abtid=07&depid=44&semid=866/lastvisited:28/2/2013.

(١٤٨) زياد الصمادي، حل النزاعات: نسخة منقحة للمنظور الاردني، جامعة السلام التابعة لامم المتحدة، بدون مكان طبع، ٢٠٠٩- ٢٠١٠، ص ٦٠. هەروەها د.محمد المجذوب، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٦٨٥.

نێوانگیری لە بنەڕەتدا ئارەزوومەندانەیە، واتە ئەو لایەنەی، کە هەڵدەستێ بە نێوانگیریی بە شێوەی ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە بەم کارە هەڵدەستێ و لایەنە ناکۆکەکانیش ئازادن لە پەسندکردن یا ڕەتکردنەوەی نێوانگیریی. ئەم ڕەتکردنەوەیە بە سەرپێچیکردنی یاسای نێودەوڵەتی دانانرێ، بەڵام بە کارێکی نادۆستانە لە قەڵەم دەدرێ. نێوانگیریی بە زۆرەملی (إجباری) دادەنرێ، ئەگەر دەقێکی لەمجۆرە لە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیدا هەبێ.[149]

ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ لە بەندی (٣٣/ب ٢)، باس لەوە دەکات ئەگەر ناکۆکییەکان لە ڕێگای دانوستان چارەسەر نەکران، ئەوا لەسەر داوای یەکێك لە لایەنەکان دەکرێ پەنا ببرێتە بەر نیوانگیریی بە هۆی لایەنی سێیەم یا هەر دامودەزگایەکی ڕێڕەوی ئاویی هاوبەش، کە لایەنەکان پێکیانهێناوە.[150] هەروەها ئەم ڕێگایە لەمەوپێش لە کاتی گرێدانی پەیماننامەی ئەرزڕۆمی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧، پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١١ لە نێوان فارس و عوسمانی بە نێوانگیریی رووسیا و بریتانیا و هەروەها لە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران، بە نێوانگیریی سەرۆکی ئەوسای ئەلجەزایر پەیڕەو کراوە، بەڵام لە ناو دەقی ڕێککەوتنەکە ئاماژە بە نێوانگیریی نەکراوە وەك ئامرازێکی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات. ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە هەردوولا ناتوانن پەنا بۆ ئەم شێوازە ببەن لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی، بەڵکوو بەپێی ڕێسا گشتییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، نێوانگیریی یەکێکە لەو ڕێگایانەیە، کە هەردوو وڵات دەتوانن پەنای بۆ ببەن.

---

[149] د.حسین عمر الشیخاني، المصدر السابق، ص ١٢٧. هەروەها د.محمود واعظی، پیشین.

[150] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المادة (٣٣/ف ٢).

## لقی چوارەم

## لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە، بریتییە لە گەڕان بە دوای راستییەکان لە رێگای گوێگرتن لە لایەنە ناکۆکەکان، لێکۆڵینەوە لە وتەی گەواهیدەرەکان، گفتوگۆ لە گەڵ پسپۆڕەکان، خستنەڕووی بەڵگەنامەکان و سەردانیکردنی شوێنەکان، ئەمانەش بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە، کە یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی ئەو پێشێلکارییانە، کە روودەدەن و دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی.[(١٥١)] لێکۆڵینەوە روونکردنەوەی راستییەکان و ساغکردنەوەی رووداوە مادییەکانە، لە لایەن کۆمیتەیەکەوە، کە لایەنە ناکۆکەکان لەسەری رێکدەکەون.[(١٥٢)] ئەم شێوازە یەکەمجار لە رێککەوتننامەی لاهای لە ساڵی ١٩٠٧ لە بەندەکانی (٩-٣٦) رێکخراوە، هەروەها لە بەندی (١٢)ی بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان و بەندی (٣٣) لە چارتی (UN) وەك شێوازێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ئاماژەی پێکراوە.[(١٥٣)] کۆمەڵەی گشتی (UN) لە کۆبوونەوەی خولی (٢٢) ساڵی ١٩٦٧ بە بڕیاری ژمارە (٢٣٢٩) دەوڵەتان هان دەدات، کە سوودی زیاتر لە ئامرازە بەردەستەکان وەربگرن، بۆ کۆکردنەوەی راستییەکان بەپێی بەندی ٣٣ لە چارتی (UN).[(١٥٤)]

کۆبوونەوەی کۆمیتەکانی لێکۆڵینەوە ئاشکرا نیە و بە شێوەی نهێنی بەڕێوە دەچێ، بەڵام بڕیارەکانی بە شێوەی زۆرینە دەردەچێ. دەوڵەتانی ناکۆك پابەند نین بەو راپۆرتانەی کە ئەم کۆمیتەیە بەرزی دەکاتەوە. ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە لە کەسانی هەڵگری رەگەزنامەی دەوڵەتانی ناکۆك یا ئەو دەوڵەتانە پێکدێن، کە

---

(١٥١) د.محمد المجذوب، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٦٨٦.

(١٥٢) د.سهيل حسين الفتلاوي، الموجز في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣٤٢.

(١٥٣) د.الشافعي محمد بشير، المصدر السابق، ص ٢٩٣. هەروەها د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ص ٩٥٣.

(١٥٤) د.الخير القشي، المفاضلة بين الوسائل التحاكمية وغير التحاكمية لتسوية المنازعات الدولية، ط ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٩، ص ٢٤. هەروەها د.كاظم هاشم نعمة، المصدر السابق، ص ٤١٧.

جێی متمانەی دەوڵەتانی ناکۆکن و لە ناو ئەو کەسایەتیانە هەڵدەبژێردرێن، کە شارەزایی و پسپۆڕییان هەیە.[155]

هەروەها رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ لە بەندی (٣٣/ ب ٣) باس لەوە دەکات، ئەگەر لایەنە ناکۆکەکان پاش شەش مانگ لە کاتی داواکردنی دانوستان، نەیانتوانی لە رێگای دانوستان یا هەر رێگایەکیتر، کە لە برگەی (٢)ی هەمان بەند باسکراوە ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن، ئەوا لەسەر داوای هەر یەك لە لایەنەکان، دەکرێ پەنا ببرێتە بەر کۆمیتەیەکی بێ لایەن بۆ دەرخستنی راستییەکان، کە رێکارەکانی لە بەندی ئاماژەپێکراو باسکراوە.[156] سەبارەت بە عێراق و ئێران چەندین جار ئەم جۆرە کۆمیتانە پێکهێنراون بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق و ئێران، لەوانەش ئەو کۆمیتەیەی، کە بەپێی پروتۆکۆلی ساڵی ١٩١١ ی تاران پێکهات بۆ چەسپاندنی سنوور، کۆمیتەی چوارقۆڵی عوسمانی، ئێران، رووسیا و بریتانیا بەپێی پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١٣ ی ئەستانەو کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور لەساڵی ١٩١٤.

## لقی پێنجەم

## سازاندن

سازاندن، واتە خستنەڕووی ناکۆکی بۆ کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتی یا کەسێکی نێودەوڵەتی، بۆ توێژینەوە و پشکنینی هەموو رەهەندەکانی ناکۆکی، ساغکردنەوەی رووداوەکان و پێشنیارکردنی چارەسەر بە لایەنە ناکۆکەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی. کۆمیتەی سازاندن، بە شێوەی تاك یا پێکەوە پەیوەندیی بە لایەنە ناکۆکەکانەوە دەکات و راپۆرتی کۆمیتەکە سەپێندراو (الزامي) نیە و هەر یەك لە لایەنەکان، سەرپشکن لەوەی پەسندی بکەن یا

---

[155] د.محمد المجذوب، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٦٨٦. هەروەها پیار- ماری دوپوی، المصدر السابق، ص ٥٩٦.

[156] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المادة (٣٣/ف ٣).

ڕەتی بکەنەوە یا داوای هەموار کردنی بکەن،[١٥٧] بەڵام ئەگەر پەنابردنە بەر سازاندن، بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشوەخت بێت لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، ئەوا دەبێتە سەپێندراو.[١٥٨] سازاندن، ڕێکارێکی تا ڕادەیەك نوێیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و پاش جەنگی جیهانی یەکەم بڵاوبووەتەوە و لە ناودەقی ژمارەیەك ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی و فرەلایەندا ئاماژەی پێکراوە. مەبەستی سازاندن لە بنەڕەتدا چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەیە، کە پەیوەندییان بە ناکۆکی و دژبەریی بەرژەوەندییەکانەوە هەیە، بە بەراوردکردن لە گەڵ ناکۆکی و دژبەریی لە مافەکان، کە لە ڕێگای پیادەکردنی ڕێسا یاساییەکانەوە جێبەجێ دەکرێ.[١٥٩] جیاوازیی گرنگ لە نێوان بڕیاری کۆمیتەی سازاندن و بڕیاری ناوبژیکاریی و دادوەریی ئەوەیە، کە بڕیاری یەکەمیان سەپێندراو نیە، بەڵام بڕیاری دووەمیان سەپێندراوە. هەروا سەرەڕای لێکچوون لە نێوان کۆمیتەکانی لێکۆڵینەوە و سازاندن جیاوازییان لەوەدایە، کە کۆمیتەی سازاندن هەڵدەستی بە پێکەوە سازاندنی لایەنە ناکۆکەکان لە ڕێگای پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە بێ ئەوەی ئەم پێشنیارانە سەپێندراو بن، بەڵام کۆمیتەی لێکۆڵینەوە تەنها هەڵدەستێ بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لێکۆڵینەوەی لێکردووە.[١٦٠]

ئەم شێوازە لە بەشی یەکەمی جاڕنامەی گشتی جنیڤ لە ساڵی ١٩٢٨ و لە بەندی (٣٣) لە چارتی (UN) ئاماژەی پێکراوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە

---

[١٥٧] د.بدرية عبدالله العوضي، الأحكام العامة في القانون الدولي للبحار (مع دراسة تطبيقية على الخليج العربي)، ط ١، مطبعة السلام، الكويت، ١٩٨٨، صص ٣٦٤- ٣٦٥. هەروەها د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٧٦. د.جابر ابراهيم الراوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٧٩.

[١٥٨] د.محمد سامي عبدالحميد و د.محمد سعيد الدقاق، المصدر السابق، ص ٢٢٢.

[١٥٩] د.الخير القشي، المصدر السابق، صص ٢٥- ٢٦. هەروەها حسێن ارجینی، پیشین، ص ٣٣. هەروەها د.صالح يحيى الشاعري، المصدر السابق، ص ٦٩.

[١٦٠] د.جابر ابراهيم الراوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٧٩. هەروەها ڤیان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ١٢٦. هەروەها ملكم شاو، پیشین، ص ٣٧٣.

نێودەوڵەتییەکان.[١٦١] هەروەها ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ لە بەندی (٣٣/ ب ٢) باس لەوە دەکات، ئەگەر ناکۆکییەکان لە ڕێگای دانوستان چارەسەر نەکران، ئەوا لەسەر داوای یەکێك لە لایەنەکان دەکرێ پەنا ببرێتە بەر هەوڵی سازاندن بە هۆی لایەنی سێیەم یا هەر دامودەزگایەکی ڕێڕەوی ئاویی هاوبەش کە لایەنەکان پێکیانهێناوە.[١٦٢] هەرچەندە لە ڕێککەوتنەکانی نێوان عێراق و ئێران، هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ پەنابردنە بەر ئەم شێوازە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بەڵام پاڵپشت بە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ و چارتی (UN)، کە دەوڵەتانی ئەندام هاندەدات بۆ گرتنەبەری شێوازەکانی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و لەنێویشیاندا سازاندن، عێراق و ئێران دەتوانن ئەم شێوازە بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان.

## لقی شەشەم
## کۆمیتە تێکەڵاوەکان

کۆمیتە تێکەڵاو و هاوبەشەکان پێکدێن لە نوێنەرانی دەوڵەتە ناکۆکەکان بەپێی پێویستیی و سروشتی ناکۆکییەکان. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، کە ڕێککەوتنەکانی لاهای لە ١٨٩٩ و ١٩٠٧ و جاڕنامەی کۆمەڵەی گەلان و (UN) و تەنانەت ڕاگەیەندراوی مانیلاش لە ساڵی ١٩٨٢، هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەم کۆمیتانە نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.[١٦٣] گەشەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان، بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی نوێی خاوەن سروشتێکی تایبەت، کە لە پیادەکردن یا ڕاڤەکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی خاوەن سروشتێکی تایبەتەوە سەرچاوەیان دەگرت.

---

[١٦١] ڤیان موفق الشاكر ، المصدر السابق، ص ١٢٦.

[١٦٢] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المادة (٣٣/ف ٢).

[١٦٣] مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ١٠٠.

ئەمەش وایدەخواست، کە بۆ چارەسەرکردنیان پەنا بۆ ئامرازێکی دیاریکراو ببرێت، کە تێیدا وێڕای رەچاوکردنی لایەنی تەکنیکی، بە زووترین کات یەکلایی بکرێتەوە. هەربۆیە، کاری نێودەوڵەتی هاوچەرخ ئەم کۆمیتە تێکەڵاوانەی داهێنا، کە لە دەقی ژمارەیەك لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەی پێکراوە.(١٦٤)

ئەم کۆمیتانە، لە ژمارەیەکی یەکسان لە نوێنەرانی دەوڵەتە ناکۆکەکان پێکدێن، بەپێی شێواز و سروشتی ناکۆکییەکە و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەشداریی تێدا دەکەن. ژمارەی نوێنەرانیش بەپێی رێککەوتنی هەردوولایە و نوێنەرانی دەوڵەتانی بێ لایەن بەشداریی تێدا ناکەن. کۆمیتەکە لەسەر بانگهێشتی یەکێك لە لایەنەکان کۆ دەبێتەوە و گفتوگۆ لە نێوانیان دەست پێدەکات، هەتا دەگەنە رێگاچارەیەك لەسەر پرسە ناکۆکەکان و بڕیارەکانی کۆمیتەکە بە گوێرەی رێککەوتنی هەردوولایە نەك بە دەنگدان، دەبێ هەردوو وڵات پابەندی بڕیارەکان بن و هیچ لایەنێك بۆی نیە رەتی بکاتەوە یا سەرپێچی لێ بکات.(١٦٥) ئەم ئامرازە تایبەتمەندیی زۆربەی ئامرازە ئاشتیانەکانی دیکەی تێدایە، لە دانوستانی راستەوخۆ دەچێ، چونکە پشت بە دانوستانی راستەوخۆ دەبەستێ لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، بەڵام بە پێچەوانەی دانوستان بڕیارەکانی سەپێندراون. هەروەها نزیکە لە سازاندن، بەوپێیەی هاوسەنگی هەیە لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتە ناکۆکەکان و لە سازاندن هاوسەنگی هەیە لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتە بێ لایەنەکان، بەڵام بە پێچەوانەی سازاندن بڕیاری کۆمیتە تێکەڵاوەکان سەپێندراوە. کۆمیتە تێکەڵاوەکان، لە کۆمیتەی لێکۆڵینەوە دەچن لەڕووی کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیارییەکان لەسەر بابەتی ناکۆك، جیاوازییان لەوەدایە، کە کۆمیتەی لێکۆڵینەوە تەنها رووداوە ناکۆکەکان ساغ دەکاتەوە، بەڵام کۆمیتە تێکەڵاوەکان، جگە لە ساغکردنەوەی رووداوەکان چارەسەرێکی

---

(١٦٤) د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٨١.

(١٦٥) مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ١٠٠.

کۆتاییش بۆ ناکۆکییەکە دادەنێن.[١٦٦] هەروەها ئەرکەکانی ئەم کۆمیتەیە، لە ئامرازی ناوبژیکاریی نزیك دەبێتەوە بەوپێیەی چارەسەری ئەو ناکۆکییە یاساییانە دەکات، کە لە پیادەکردن یا راڤەکردنی رێککەوتننامەکانەوە سەرچاوە دەگرن و بڕیارەکانی سەپێندراوە، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە، کە کۆمیتەی ناوبژیکاریی لە دەوڵەتە بێ لایەنەکان پێکدێت و کۆمیتە تێکەڵاوەکان لە نوێنەرانی لایەنە ناکۆکەکان پێکدێت.[١٦٧]

ئەم ئامرازە شێوازێکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە بواری رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە تایبەتمەندیی هەموو شێوازەکانیتری تێدایە و خێراتر دەتوانێ بگاتە ئەنجام. جگە لەمەش، پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بە قۆناغێکی نوێ و گەشەکردوودا تێدەپەڕێ و لە ئاستێکی دۆستانەدایە، هەربۆیە هەردوولا، دەتوانن ئەم ئامرازە بەکار بهێنن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و لە رێککەوتننامە جۆراوجۆرەکانی نێوانیان ئاماژەیان پێکردووە، بۆ نموونە کۆمیتەی تێکەڵاو بەپێی بەندی (١) لە پرۆتۆکۆلی دیاریکردنی سنووریی ئاویی ساڵی ١٩٧٥ و کۆمیتەی تەکنیکی تێکەڵاو بۆ توێژینەوەی کاروباری تەکنیکی رووبارە هاوسنوور و یەك لەدوای یەکەکان بەپێی بەندی (٣) لە رێککەوتنی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥. جگە لەمەش، لە بەندی (٧) لە یادداشتی لێکگەیشتنی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی ٢٠١٢، باس لە پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش کراوە لە نێوان هەردوو وڵات بۆ بەدواداچوونی کێشەی سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا.

---

[١٦٦] د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٨٢.

[١٦٧] مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ١٠١.

## لقی حەوتەم

## چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا

چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، یەك لەو بابەتانەیە، کە لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانەوە گرنگی پێدەدرێ و بە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوانە دادەنرێ. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم پرسە، ئەم لقە بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین. لە تەوەری یەکەم، باس لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا و لە تەوەری دووەم، ئاماژە بە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین لە چوارچێوەی ڕێکخراوە هەرێمییەکاندا.

### یەکەم/ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا :

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ چارەسەرکردنی سیاسی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، ئەم تەوەرە بەسەر دوو بڕگەدا دابەش دەکەین. لە بڕگەی یەکەم، باس لە ڕۆڵی کۆمەڵەی گەلان دەکەین لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و لە بڕگەی دووەم، باس لە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان.

١) ڕۆڵی کۆمەڵەی گەلان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان: لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان، لە لایەن یاسازانانەوە هەوڵدرا بۆ کۆدکردنی (تقنین) ڕێساکانی تایبەت بە نەهێشتن و قەدەغەکردنی ناکۆکی لەسەر ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان. هەروا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بە گرێدانی ڕێککەوتننامەکانی لاهای لە ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە داننرا بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ چارەسەرکردنی

ئاشتییانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان.[١٦٨] لە بەندەکانی (١٢- ١٥)ی بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان، باس لە پێویستیی چارەسەرکردنی هەموو ناکۆکییەکان کراوە بە شێوازی ئاشتیانە. لە بەندی (١٢)، ئەوەی بەسەر دەوڵەتانی ئەندامدا سەپاندووە، کە لەکاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی پەنا بۆ دوو ڕێگا ببەن: خستنەڕووی ناکۆکی بۆ ناوبژیکاریی یا دادوەریی نێودەوڵەتی، واتە دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد یا پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی کۆمەڵە، کە وەك نیوانگیرێك هەوڵی چارەسەرکردن و لێك تێگەیشتنی نێوان لایەنەکان بدات.[١٦٩] پاشان ئەنجومەن راپۆرتێك لەم بارەیەوە ئامادە دەکات و دەیخاتە دەنگدانەوە، ئەگەر بە تێکڕا پەسند کرا (جگە لە دەنگی دەوڵەتانی ناکۆك) ئەوا سیفەتی یاسا وەردەگرێ و دەوڵەتە ناکۆکەکان ناچارن جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەگەر بە دەنگی زۆرینە پەسندکرا، ئەوا سیفەتی پابەندکردن وەرناگرێ و لە رووی یاساییەوە روودانی جەنگ رەوایە.[١٧٠] عێراق لە ١٩٣٤/١١/٢٩ سکاڵایەکی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد، سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ سەر سنووری نێودەوڵەتی نێوانیان و ئەم سکاڵایە لە ئەنجومەنی کۆمەڵە گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام دواتر بەهۆی گفتوگۆی نێوان هەردوو وڵات، عێراق سکاڵاکەی خۆی کێشایەوە.[١٧١]

٢) رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان: هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و یارمەتییە مرۆییەکان بنیاتنراوە. هەروا ئەم ڕێکخراوە، بەپێی بەشی شەشەم و بەندی (٣٣) لە جارنامەی خۆی، جەخت لەسەر پەنابردنە بەر شێوازی ئاشتیانە دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە

---

(١٦٨) ڤیان موفق الشاکر، المصدر السابق، ص ١١٢.

(١٦٩) د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣٠٩.

(١٧٠) شارل روسو، المصدر السابق، صص ٢٩٦- ٢٩٧. هەروەها ڤیان موفق الشاکر، المصدر السابق، ص ١١٤.

(١٧١) د.سهیل حسین الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ٩٢.

نێودەوڵەتییەکان.[١٧٢] بۆ ئەم مەبەستەش، چارتی (UN) دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتی، سکرتێری گشتی و دادگای نێودەوڵەتی داد بەخشیوە. بەندی (٢٤) لە جارنامە، بەرپرسیارێتی سەرەکی خستۆتە سەر ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە کاتی سەلماندنی ئەم ناکۆکییە، ئەوا ئەنجومەن بۆی هەیە داوا لە ئەندامان بکات، کە لە ژێر تیشکی بەندی (٣٣)ی جارنامە، بە شێوەی ئاشتیانە ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن یا خود راسپاردەی گونجاو دەربکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.[١٧٣] بەپێی راگەیەندراوی مانیلا لە ساڵی ١٩٨٢، لە کاتی شکستهێنانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوازی ئاشتیانە، دەوڵەتان لەسەریانە ئەو ناکۆکییە رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش بکەن، ئەگەر بێت و ئەو ناکۆکییە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە.[١٧٤] هەروا ئەم رێکخراوە، هەوڵێکی بەرفراوانی داوە بۆ رێکخستنی بەکارهێنان و کۆدکردنی رێسا نەریتییەکان لە بواری رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، کە دەتوانین بەمجۆرە ئاماژەیان پێ بکەین:

١- هەوڵەکانی (UN) لە بواری گەشەپێدانی سەرچاوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و رێکخستنی بەکارهێنانی.

٢- هەوڵەکانی (UN) لە بواری کۆدکرنی بنەماکانی بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکان.

کێشەکانی تایبەت بە ئاو لە سەرووی خشتەی کارەکانی (UN)ەوە بووە بەجۆرێك، کە ساڵی ١٩٩٤ ی بە ساڵی نێودەوڵەتی (گرنگیدان بە سەرچاوە ئاوییەکان) راگەیاندووە.[١٧٥] هەروا (UN) تاکوو ئێستا چەندین کۆنگرەی لەم

---

[١٧٢] د.حسين عمر الشيخاني، المصدر السابق، ص ١٥٩.

[١٧٣] د.كاظم هاشم نعمة، المصدر السابق، ص ٤١٩.

[١٧٤] د.حسين عمر الشيخاني، المصدر السابق، ص ١٦٠.

[١٧٥] أسعد تركي سواري، مبادئ و معايير قسمة الموارد الدولية المشتركة، بحث مقدم الى المؤتمر العربي الأول للمياه، بغداد، ٣٠-٣١/٥/٢٠١٢، ص ١٦.

**بوارەدا گرێداوە، کە بریتین لە: کۆنگرەی تایبەت بە سەرچاوە ئاوییەکان لە ساڵی ١٩٤٩، کۆبوونەوەی پسپۆڕانی سەرچاوە ئاوییەکان لە ٨- ١٣/٦/١٩٧٠ لە ئارژانتین، کۆنگرەی (UN) بۆ ئاو لە ماردل بلاتل (ئارژانتین) لە ساڵی ١٩٧٧ و کۆنگرەی دوبلن لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر ئاو و ژینگە. هەروا هەوڵەکانی کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ توێژینەوە لە بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان هەر لە ساڵی ١٩٧٤ هاتەئاراوە و سەرئەنجام، لە ٢١/٥/١٩٩٧ ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی لێکەوتەوە.[١٧٦]**

**عێراق، چەندین جار پەنای بردۆتە بەر ئەنجومەنی ئاسایش بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکانی لە گەڵ ئێران، بۆ نموونە: لە ٥/٧/١٩٧٤، ٤/٩/١٩٧٤، ٣٠/٩/١٩٧٤ و ١٨/١٢/ ١٩٧٤ سکاڵای دژ بە کۆکردنەوەی هێزەکانی ئێران بە درێژایی سنووری نێودەوڵەتی پێشکەشکرد و ئەنجومەنی ئاسایش، هەردوولای ڕاسپارد بە شێوازی ئاشتیانە ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش لە ٢٨/٩/١٩٨٠ بڕیاری ژمارە (٤٧٩) دەرکرد، بۆ ڕاوەستاندنی دەستبەجێی توندوتیژیی لە نێوان عێراق و ئێران و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوازێکی ئاشتیانە.[١٧٧]**

**عێراق بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی مافەکانی لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، جگە لەوەی، کە دەتوانێ پەنا بباتە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەمان کاتیشدا بۆی هەیە، پەنا بباتە بەر هەندێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دیکە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، وەك لێبوردنی نێودەوڵەتی، هیومەن ڕایتس واچ و...هتد. چونکە دواجار ئەو هەڵسوکەوتانەی ئێران، کارەساتی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە دژ بە مافەکانی مرۆڤ، وەك مافەکانی تایبەت بە تەندروستی، ژینگە، خۆراك و...هتد.**

---

[١٧٦] د.عزالدين علي الخيرو، الفرات والقانون الدولي، المصدر السابق، ص ٧٧- ٨١. هەروەها ڤیان موفق الشاكر ، المصدر السابق، ص ١١٦. أسعد تركي سواري، المصدر السابق، ص ١٦.

[١٧٧] د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ١١٠.

**دووەم/ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە هەرێمییەکاندا:**

کاری ڕێکخراوە هەرێمییەکان هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا نیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە چارتی (UN) لە بەندەکانی (٣٣) و (٥٢)[١٧٨] جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەر لە پێشکەشکردنی هەر ناکۆکییەك بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، پێویستە پەنا ببرێتە بەر ڕێکخراوە هەرێمییەکان، هەربۆیە کاری ئەم ڕێکخراوانە، بە تەواوکەری کاری (UN) دادەنرێ لە بواری چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.[١٧٩] لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەك لە نێوان دەوڵەتان، واباشترە سەرەتا بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازە سیاسییەکان ناکۆکییەکەیان چارەسەر بکەن. ئەگەر ئەم ئامرازانە شکستیان هێنا، ئەوا پەنا ببەنە بەر ڕێکخراوێکی ناوچەیی پەیوەندیدار، بەر لەوەی پەنا ببەنە بەر (UN) بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو ناکۆکییە بە جۆرێك، کە جێگای ڕەزامەندیی لایەنە ناکۆکەکان بێت.[١٨٠]

شیاوی باسە، ڕێکخراوە هەرێمییەکان ئەوە بە بەشێك لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان دەزانن، کە بە ئامرازی ئاشتیانە چارەسەری ناکۆکی نێوان ئەندامانیان بکەن. هەربۆیە ئەو ڕێکخراوانە لە جاڕنامەی خۆیاندا ئاماژەیان بە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کردووە بە شێوازی ئاشتیانە، بەر لەوەی بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایش.[١٨١] هەروا ڕاگەیەندراوی مانیلا بۆ

---

[١٧٨] بڕگەی (١) لە بەندی (٥٢) دەڵێ: " لەم جاڕنامەیەدا نیە ڕێگە لە ڕێکخراو و ئاژانسە هەرێمییەکان بگرێ، کە چارەسەری ئەو کاروبارانە بکەن، کە پەیوەندیی بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە هەبێ، ئەگەر ئەو کارە هەرێمییە باش و گونجاو بێت و ئەو ڕێکخراو یا ئاژانسە هەرێمییە و چالاکییەکانی لە گەڵ مەبەست و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بگونجێ".

[١٧٩] د.مهدي جابر مهدي، المصدر السابق، ص ١١٣. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣١١.

[١٨٠] د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ١١٥.

[١٨١] ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ١١٨. هەروەها د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، المصدر السابق، ص ٥٦٧.

**چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوازی ئاشتیانە،[١٨٢] کە لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە جەخت لەسەر رۆڵی رێکخراوە هەرێمییەکان دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی، کە لە نێوان وڵاتاندا دروست دەبن بەر لەوەی رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێن.[١٨٣] لەو هەوڵە هەرێمییانەی، کە دراون بۆ کۆدکردنی یاسای رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەم بوارەدا، دەتوانین ئاماژە بە دروستبوونی کۆمیتەی یاسایی راوێژکاریی دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیا بکەین، کە لە ١٥/١١/١٩٥٦ پێکهات. ئەم کۆمیتەیە، بە گرێدانی چەندین خولی کۆبوونەوە، رۆڵێکی زۆری هەبوو لە کۆدکردنی یاسای رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و زەمینەی خۆشکرد بۆ هەوڵەکانی کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی (UN) لەم بوارەدا.[١٨٤]**

**عێراق دەتوانێ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان، پەنا بباتە بەر رێکخراوە هەرێمییەکانی وەك کۆمکاری عەرەبی یا رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، کە لە جارنامەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان داوە.[١٨٥]**

---

[١٨٢] بەندی (٦) لە راگەیەندراوی مانیلا دەڵێ: "دەوڵەتانی ئەندام لە دامودەزگا یا رێکخراوە هەرێمییەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوچەییەکان بە ئامرازی ئاشتیانە لە رێگای دامودەزگا یا رێکخراوە هەرێمییە باسکراوەکان بەر لە رەوانە کردنی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. ئەمە رێگر نییە لە ئاراستەکردنی بۆچوونی ئەنجومەنی ئاسایش یا کۆمەڵەی گشتی بۆ هەر ناکۆکییەك بەپێی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان".

[١٨٣] د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، ص ١١٦.

[١٨٤] د.عزالدين علي الخيرو، الفرات في ظل قواعد القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٢١٦- ٢٣٤. هەروەها ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، صص ١١٧- ١١٨.

[١٨٥] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ بەندی (٥) لە جارنامەی کۆمکاری عەرەبی، کە باس لە ئامرازەکانی نێوانگیریی و ناوبژیکاریی دەکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. هەروەها بەندی (٢/بڕگەی ب) لە جارنامەی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، کە باس لە چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکان دەکات لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام لە رێگای دانوستان، نێوانگیریی، سازاندن و ناوبژیکاری.

## مەبەستی دووەم

## ئامرازە دادوەرییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

ئامرازە دادوەرییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتان بۆ دوو جۆری ناوبژیکاریی و دادوەریی نێودەوڵەتی پۆلێن دەکرێن. هەربۆیە، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین. لە لقی یەکەم، تیشك دەخەینە سەر ناوبژیکاریی نێودەوڵەتی و لە لقی دووەم ئاماژە بە دادوەریی نێودەوڵەتی دەکەین و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین.

### لقی یەکەم

### ناوبژیکاریی نێودەوڵەتی

ناوبژیکاریی نێودەوڵەتی ئامرازێکی ئاشتیانەیە، کە هەر لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمانەکانەوە بەکارهاتووە[١٨٦] و بریتییە لە هەڵسانی کەسێك یا دەستەیەك بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکی نێودەوڵەتی، بەپێی بڕیارێکی مولزەم بەگوێرەی یاسا و لەسەر داوای لایەنە ناکۆکەکان. ناوبژیکاریی ناچارییە (اجباري)، ئەگەر پێش دروستبوونی ناکۆکی ڕێککەوتنی لەسەر کرابێ، بەڵام ئەگەر دوای دروستبوونی ناکۆکی لەسەری ڕێك بکەون، ئەوا دەبێتە ئارەزوومەندانە (اختياري).[١٨٧] هەروا ناوبژیکاریی یا بەهۆی سەرۆکی دەوڵەت یا بەهۆی کۆمیتەی تێکەڵاو یا بەهۆی دادگاکانەوە ئەنجام دەدرێ.[١٨٨] بەپێی بەندی (٣٣/ب١) لە چارتی (UN)، ناوبژیکاریی لە پاڵ دادوەریی نێودەوڵەتی ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوازی ئاشتیانە لە نێوان

---

(١٨٦) د.سيد حسين صفائى، حقوق بين المللى و داوريهاى بين المللى، چاپ اول، نشر ميزان، تهران، ١٣٧٥هـ. ش (١٩٩٦ ز)، ص ١١٥. هەروەها: Charles G.Fenwick, op.cit., P.511.

(١٨٧) د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، المصدر السابق، ص ٥٦٨.

(١٨٨) د.حسين عمر الشيخاني، المصدر السابق، صص ١٤٩- ١٥٠. د.بدرية عبدالله العوضي، المصدر السابق، ص ٣٦٦.

دەوڵەتاندا.[١٨٩] هەروا جیاوازییان لەوەدایە، کە لە ناوبژیکاریی، بۆ پێکهێنانی دەستەی ناوبژیکار و رێسا و رێکارەکانی ناوبژیکاریی، پشت بە ویستی لایەنە ناکۆکەکان دەبەسترێ و ئەوان بۆ خۆیان ناوبژیوانان هەڵدەبژێرن، بەڵام لە دادوەریی نێودەوڵەتی، لە رووی باوەنداریێتی (ولاية)، دادوەر پشت بە ویستی لایەنە ناکۆکەکان نابەستێ، چونکە پێکهێنانی دادگا و رێوشوێنەکانی بەر لە دروستبوونی ناکۆکی و رێککەوتنی لایەنەکان، بۆ پێشکەشکردنی بۆ بەردەم دادگای نێودەوڵەتی، لە لایەن یاسای نێودەوڵەتی گشتییەوە دیاریکراوە.[١٩٠] هەروا هەردووکیان لە بڕیارەکانیاندا پشت بە یاسای نێودەوڵەتی دەبەستن، بڕیارەکانیان کۆتاییە و شیاوی تێهەڵچوونەوە نیە و لایەنە ناکۆکەکان دەبێ پێوەی پابەند بن.[١٩١]

عێراق لە ژمارەیەك لە ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان پشتی بە ناوبژیکاریی بەستووە و بەپێی یاسای ژمارە (١٤٢)ی ساڵی ١٩٧٠ هەردوو رێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ی پەسند کردووە. هەروەها بەپێی بەندی (٦) لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش ساڵی ١٩٧٥، لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەکی پەیوەست بە راڤەکردن یا پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە و شکستهێنانی دانوستان و هەوڵی چاکەخوازیی، ئەوا پەنا دەبرێتە بەر ناوبژیکاریی، لە ماوەی یەك مانگ لە رێکەوتی رەتکردنەوە یا شکستهێنانی هەوڵی چاکەخوازیی. هەڵبژاردنی ناوبژیوان و رێکارەکانی ناوبژیکاریی بە گوێرەی رێککەوتنی هەردوولا دەبێ. لە کاتی رێك نەکەوتن، ئەوا هەر یەکەیان مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی پازدە رۆژ پاش رێك نەکەوتن پەنا بباتە بەر دادگای

---

(١٨٩) میثاق الامم المتحدة، المادة (٣٣ / ف ١).

(١٩٠) د.عبدالكريم علوان، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، المصدر السابق، صص ٥٦٨- ٥٦٩. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣١٣. هەروەها زياد الصمادي، المصدر السابق، ص ٧٠. هەروەها:

L.Oppenheim, International Law, Vol.II, Sixth Edition, Long,ans, Green and Co., London, 1944, p.21.

(١٩١) د.الخير القشي، المصدر السابق، ص ٣٦.

ناوبژیکاریی.[192] هەروەها لە دەقی پەیماننامەکەدا شێوازی پێکهێنانی دادگای ناوبژیکاریی دیاریکراوە، بە جۆرێك، کە دادگا پێکدێت لە سێ کەس، هەر لایەنێك یەکێك لە هاوڵاتیانی خۆی دەست نیشان دەکات و هەردوو ناوبژیوان، ناوبژیوانی باڵا هەڵدەبژێرن. ئەگەر بێت و لە ماوەی مانگێك ناوبژیوانی باڵایان هەڵنەبژارد یا ڕێك نەکەوتن لەسەر دانانی، ئەوا ئەو لایەنە، کە داوای ناوبژیکاریی کردووە مافی ئەوەی هەیە داوا لە سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی داد بکات بۆ دانانی هەردوو ناوبژیوان و ناوبژیوانی باڵا، بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لە ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٧ داهاتووە. لە حاڵەتی بێدەنگبوونی ڕێککەوتن لەسەر ڕەوانەکردن بۆ ناوبژیکاریی یا نەبوونی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوا ئەو ڕێسا بابەتیانە پیادە دەکرێن، کە لە بەندی (٣٨)ی پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد ئاماژەیان پێکراوە.[193]

هەروەها لە بەندی (٣٣/ب ٢) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧، باس لەوە کراوە بە ڕێککەوتنی لایەنە ناکۆکان دەکرێ پەنا ببرێتە بەر ناوبژیکاریی، بەڵام ئەگەر هەر ناکۆکییەك بەپێی ڕێکارەکانی هاتوو لە بەندی (٣٣/ب ٢) چارەسەر نەکرا، ئەوا بەپێی بڕگەی (١٠) لە هەمان بەند، ئەگەر هەر لایەنێك ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسند یا قبووڵ بکات یا ڕەزامەندیی لەسەر دەرببڕێ یا بچێتە پاڵی یا لە هەر کاتێکی پاشتر بە بەڵگەنامەیەکی نووسراو، کە پێشکەش بە راسپێردراو دەکات دانی پێدا بنێ (لێرەدا مەبەست سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە)، ئەوا وەك ڕێکارێکی سەپێنراو بە شێوەیەکی خۆکارانە و بێ هێچ ڕێککەوتنێکی تایبەت پابەندە بەوەی، کە ناکۆکییەکە بخاتە بەردەم دادگایەکی ناوبژیکاریی بەرپاکراو و چالاك (قائمة و عاملة). هەر وەك وڵاتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠١ چووەتە پاڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە و هەر بۆیە دەتوانێ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سەبارەت بەرێڕەوی ئاویی سیروان ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر.

---

[192] د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، صص ١٥٧- ١٥٨.

[193] معاهدة الحدود الدولية و حسن الجوار بين العراق و ايران لسنة ١٩٧٥، المادة (٦) و التصحيح المضاف الى المعاهدة.

بەجۆرە دەردەکەوێ، کە ناوبژیکاری وەك ئامرازێکی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ و پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ١٩٧٥ بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تاکوو ئێستا پەنای بۆ نەبراوە و لە ساڵی ١٩٨٠ لەبری گرتنەبەری ئەم ئامرازە یا ئامرازەکانی دیکەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، ئەم دوو وڵاتە پەنایان بۆ جەنگ برد. هەربۆیە ئەمڕۆ، کە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات دۆستانەیە، دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش سیروان، پاش شکستهێنانی ئامرازە سیاسییەکانی وەك دانوستان و هەوڵی چاکەخوازیی، پەنا بۆ ئەم شێوازە ببرێت.

## لقی دووەم

## دادوەریی نێودەوڵەتی

دادوەریی نێودەوڵەتی، ئامرازێکە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر، بەهۆی بڕیارێکی یاسایی، کە لە لایەن دەستەیەکی هەمیشەییەوە دەردەچێ و لە دادوەرانی سەربەخۆ پێکدێت، کە پێشتر هەڵبژێردراون.[١٩٤] هەوڵەکان بۆ دروستکردنی دەزگایەکی دادوەریی هەمیشەیی نێودەوڵەتی هەر لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلانەوە دەستی پێکرد. لە ساڵی ١٩٢٠ دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد دامەزرا، کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانی لە کارکردن وەستا و سەرئەنجام لە دواکۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٤٦ هەڵوەشایەوە.[١٩٥] لە کۆنگرەی سانفرانسیسکۆ لە ساڵی ١٩٤٥ و لە

---

[١٩٤] د.محمد عزيز شكري، القانون الدولي العام وقت السلم، المصدر السابق، ص ٤٣٣. هەروەها النظام الاساسي لمحكمة العدل الدولية، لسنة ١٩٤٥، المادة (٣٤).

[١٩٥] لە ڕاستیدا هەر لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٣٨ کۆمەڵەی گەلان و دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد لە کار وەستان و لە ساڵی ١٩٤٦ بە فەرمی هەڵوەشاندنەوەیان ڕاگەیەندرا.

کاتی داڕشتنی چارتی (UN)، دەوڵەتانی بەشدار ڕێککەوتن لەسەر پەسندکردنی پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، وەك بەشێکی جیانەکراوە لە چارتی (UN) بۆ بەردەوامیدان بە دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد، کە ئەم هەولانەش لە ئەنجامدا بووە هۆی دروستبوونی دادگای نێودەوڵەتی داد.[١٩٦] بەپێی بەندی (٧) لە چارتی (UN)، ئەم دادگایە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئەو ڕێکخراوە لە قەڵەم دەدرێ و پەیڕەوەکەی بە بەشێك لە چارتی (UN) دادەنرێ.[١٩٧]

هەرچەندە بەپێی بەندی (٣٤) لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، دادگا تەنها دەتوانێ سەیری ئەو ناکۆکییانە بکات، کە لە نێوان دەوڵەتاندا روو دەدەن، بەڵام بەپێی بەندی (٦٥) لە پەیڕەوی ئاماژەپێکراو، دادگا مافی دەرکردنی فەتوای هەیە لەسەر داوای ئەو دەستانەی، کە چارتی (UN) ڕێگای پێداون یا بە پێی چارتی ئاماژەپێکراو ڕێپێدانی وەرگرتووە،[١٩٨] چونکە ئەو ڕێکخراوانە لە ڕاستیدا، نوێنەرایەتی کۆمەڵێك لە دەوڵەتان دەکەن. هەربۆیە دادگای نێودەوڵەتی داد، لە بڕیاری ڕاوێژکاریی خۆی لە ١١/٤/ ١٩٤٩ دان بە کەسایەتی نێودەوڵەتی (UN)دا دەنێ.[١٩٩] باوەنداریێتی دادگا لە بنەڕەتدا

---

[١٩٦] فنر زبن حسن الناصري، دور القضاء الدولي في تسوية المنازعات الدولية، ط ١، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص ١١. هەروا د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ص ٩٧٢. هەروا د.سهيل حسين الفتلاوي، المنازعات الدولية، ص ١٦٢. هەروەها:
Hans Kelsen, op.cit., p.531.

[١٩٧] ميثاق الامم المتحدة، المادة (٧/ ف ١). هەروەها هوشنگ مقتدر، پيشين، ص ١١٥. هەروەها پيار ـ ماری دوپوی، المصدر السابق، ص ٦١٧.

[١٩٨] لەو ناکۆکییانەی کە پەیوەندیی بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکی نێوان ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و میسر بکەین بەهۆی ناکۆکییان لەسەر پەیمانی ساڵی ١٩٥١ لەنێوان هەردوولا، کە دادگا لە ٢٠/کانوونی یەکەم/١٩٨٠ لەمبارەیەوە بۆچوونی خۆی خستەڕوو.

[١٩٩] فنر زبن حسن الناصري، المصدر السابق، ص ٤٥. هەروەها د.سهيل حسين الفتلاوي، الموجز في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣٥١. هەروەها النظام الاساسي لمحكمة العدل الدولية، لسنة ١٩٤٥، المادة (٦٥).

ئارەزوومەندانەیە، واتە بەپێی رەزامەندیی لایەنە ناکۆکەکان، کێشەکە دەخرێتە بەردەم دادگا بۆ سەیرکردن و یەکلاییکردنەوەی، ئەمەش هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە لە چارتی (UN) یا پەیماننامە و رێککەوتننامەکاندا هاتوون. هەروا دادگا لە دوو حاڵەتدا باوەنداریێتی ناچارانەی (الولاية الجبرية) هەیە کە بریتین لە: ١) لەسەر بنەمای قبووڵکردنی دەوڵەتان بەر لە روودانی ناکۆکییەکە، ٢) بەپێی دەقی پەیماننامە یا رێککەوتنێکی باو بۆ رەوانەکردنی کێشەکە بۆ بەردەم هەر دادگایەك، کە کۆمەڵەی نەتەوە پێکیدەهێنێ یا دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد و بۆ دەوڵەتانی ئەندام لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، ئەوا بۆ دادگای ناوبراو رەوانە دەکرێ. ئەم باوەنداریێتییەش تەنها ناکۆکییە یاساییەکان دەگرێتەوە، کە بریتین لە: راڤەکردنی پەیماننامەکان، هەر پرسێك لە پرسەکانی یاسای نێودەوڵەتی، لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی هەر پابەندییەکی نێودەوڵەتی و جۆر و بڕی ئەو قەرەبووکردنەوەیەی، کە بەهۆی پێشێلکردنی پابەندییەکی نێودەوڵەتییەوە دروست دەبێ.[٢٠٠]

بەپێی بەندی (٩٤) لە چارتی (UN)، ئەندامانی ئەو رێکخراوە بەڵێن دەدەن بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم دادگایە. ئەگەر هەریەك لە لایەنەکان بڕیاری دادگایان جێبەجی نەکرد، ئەوا لایەنەکەیتر بۆی هەیە پەنا بباتە بەر ئەنجومەنی ئاسایش، ئەنجومەنیش ئەگەر بە پێویستی زانی، راسپاردە پێشکەش دەکات یا بڕیار دەردەکات بۆ گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی، کە پێویستن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.[٢٠١] هەروەها بەپێی بەندی (٩٦) لە چارتی (UN) و بەندی (٦٥) لە پەیڕەوی دادگا، ئەم دادگایە دەتوانێ لەسەر داوای

---

[٢٠٠] د.حسين عمر الشيخاني، المصدر السابق، صص ١٥٣- ١٥٤. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣٢١. فنر زبن حسن الناصري، المصدر السابق، صص ٨٩- ٩٠. هەروەها د.جابر ابراهيم الراوي، المنازعات الدولية، المصدر السابق، صص ١١٧- ١١٨. هەروەها النظام الاساسي لمحكمة العدل الدولية، لسنة ١٩٤٥، المادة (٣٧).

[٢٠١] د.سهيل حسين الفتلاوي، طرق استرداد الحقوق المغتصبة في القانون الدولي في ضوء النزاع العراقي الايراني، المصدر السابق، ص ٤٨. هەروەها د.سهيل حسين الفتلاوي، الموجز في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣٥٤. هەروەها ميثاق الامم المتحدة، المادة (٩٤).

دامودەزگاکانی (UN) وەك ئەنجومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتی و دەستە و ئاژانسەکانی سەر بەو ڕێکخراوە، لەسەر هەر بابەتێکی یاسایی فەتوا دەربکات.[٢٠٢]

بەندی (٣٣/ب ٢) لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، باس لەوە دەکات، کە بە ڕێککەوتنی لایەنە ناکۆکان دەکرێ پەنا ببرێتە بەر دادگای نێودەوڵەتی داد، بەڵام ئەگەر هەر ناکۆکییەك بەپێی ڕێکارەکانی هاتوو لەم بڕگەیە چارەسەر نەکرا، ئەوا بەپێی بڕگەی (١٠) لە هەمان بەند، ئەگەر هەر لایەنێك ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسند یا قبووڵ بکات یا ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕێ یا بچێتە پاڵی یا لە هەر کاتێکی پاشتر بە بەڵگەنامەیەکی نووسراو، کە پێشکەش بە پێسپێردراوی دەکات دانی پێدا بنێ (لێرەدا مەبەست سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە)، ئەوا وەك ڕێکارێکی سەپێنراو بە شێوەیەکی خۆکارانە و بێ هیچ ڕێککەوتنێکی تایبەت، پابەندە بەوەی کە ناکۆکییەکە بخاتە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی داد.[٢٠٣] هەروەها بەپێی بەندی (٤) لە پەیماننامەی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٣٧، لە کاتی ڕێك نەکەوتن لەسەر دادگای ناوبژیکاریی و چارەسەرنەبوونی ناکۆکییەکان بە ئامرازەکانی دیکەی ئاشتیانە، ئەوا دەتوانن کێشەکە بخەنە بەردەم دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد.[٢٠٤] ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ ئاماژەی بە ڕەوانەکردنی ناکۆکییەکان نەکردووە بۆ دادگای نێودەوڵەتی داد،[٢٠٥] بەڵام بەپێی بەندی (٦/ ب ٥) ڕێگای بە سەرۆکی ئەو دادگایە داوە هەردوو ناوبژیوان یا ناوبژیوانی باڵا

---

[٢٠٢] د.هوشنگ مقتدر، پیشین، صص ١٢٣- ١٢٤. هەروەها د.رضا موسی زادە، پیشین، ص ٣٩٥.

[٢٠٣] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، لسنة ١٩٩٧، المادة (٣٣/ف ٢).

[٢٠٤] د.سهيل حسين الفتلاوي، طرق استرداد الحقوق المغتصبة في القانون الدولي في ضوء النزاع العراقي الايراني، المصدر السابق، صص ٤٨- ٤٩.

[٢٠٥] عێراق بە یاسای ژمارە (٤١) ساڵی ١٩٤٥ چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی دادی پەسند کردووە.

دیاری بکات، ئەگەر هات و هەردوولا ڕێك نەکەوتن لەسەر دیاریکردنیان. بەوحاڵەش، ئەمە ڕێگر نیە لەوەی ناکۆکییەکانیان لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش سیروان بۆ دادگای ناوبراو ڕەوانە بکەن، ئەگەر نەیانتوانی بە شێوازەکانیتر چارەسەری بکەن و هەردوولا ڕێك بکەون لەسەر ڕەوانە کردنی بۆ دادگای نێودەوڵەتی داد.